# تیرۆژی

# به شەوەزەنگەکەی

# «حەمە سەعید حەسەن» دا

کاکەوەیس

---

1991 ستوکهۆلم

ئەم نامیلکەیە پیشکەشە بە :

*یەکیتی نووسەرانی کورد لە سوید .

*دەستەی نووسەرانی گوڤاری (نووسەر) و (خەرمانە) .

لە گەڵ ریزمدا .

# پێشەکی

یەکێتی نووسەرانی کورد لە سوێد، ڕەوایەتی خۆی بە کۆنگرە سەپاندووە ،لە بەر ئەوە، دەبێ خەت و خاڵ و ڕێ و جێی پەیڕەوکراوی خۆی هەبێ و مەرج و بناغەی ئەندامێتی و ئەندامبوون و خڵت وەدەرنانی لە ئەستۆی خۆی نابێ .
ئەگەرنا کەلێن و درزی تێدایە و بە سروشتی و ڕێك نەرسکاوە ،هەر کەلێن و کلۆرێکی هەر ئەندامێك ، لە هەر ڕێکخراوێکدا، کەلێن و کلۆری سەرلەبەری ڕێکخراوەکەیە و لە سەر یەکەیەکەی ئەندامەکانی تری دەکەوێ ،یەکێتی نووسەرانیش لەوە بەدەر نییە ،لەو ڕوانگەیەوە، گلەییەکی دۆستانەی خۆم لە یەکێتی نووسەرانی کورد دەکەم کە حەمەسەعید حەسەن ئەندامێتی و بە بێ لێ پرسینەوە سووکایەتی بە خەڵکی دەکات ،بە پێی لەخۆڕازیی بوونی حەمە سەعیدیش بێ، دەبێ ڕۆڵی (ئیمام)ەتی لە یەکێتییەکەدا هەبێ ،ئەویش، لە گوتارەکەیدا دەسنوێژی ئەدەبی شکاوە و بەوەش ، نوێژی ئەدەبی جەماعەتی بەتاڵ کردووە .

سەرنووسەری گوڤاریش، ئیمامی دەستەی نووسەرانێتی و ئەوەی بە یەکێتی نووسەران دەبڕێ ،بە دەستەی نووسەرانی خەرمانەش دەبڕێ و چکێ زیاتریش .

* * *

نووسینەکەی حەمەسەعید حەسەن، مەگەر بە وەڵامنەدانەوە وەڵامی پڕ بە پێستی بدرێتەوە ،من وام نەکرد چونکە کارێکی وای نەکردووە هەواڵەی خوا کرێ و ببرێتەوە ،لە ڕاستکردنەوەی بارە خوارکراوەکاندا، بە پێی توانا، خۆم لە وشەی دزێو لادا وە ،بەڵام ڕەنگە لێرە و لەوێ ، هێندێ جار و دەمدەمێ،بە هۆی وشەکانی حەمە سەعیدەوە،قەڵەمەکەی منیش زەللە و تەتەڵەی کردبێ و بە پێی قانوونی کاردانەوە و بیانووی (کفرەحمەد)ەوە، هەڵچووبێ ،ناکرێ باسی وشەی دزێو بکرێت و هاوتەریبیش، وشەی ناسك لە کاردا بن ،زەحمەتە چمکی (کەوا)ی نوێژکەر تا قەیامەت هەڵکرێ و لە نوێژ نەچێ ،ڕێیەکە، ڕێیەکی دوور و درێژەو ڕستەی بنچکی پاك و بێ پروشکی تێدا نین ،لە گەڵ ئەوەشدا،ئەوپەڕی توانام

بۆ لە نوێژنەچوونی قەڵەمەکەم بە خەرج دا،وە ٠ جا (سەر کەوتم یا سەرم کەوت) ٠٠٠ئەوەیان بۆ خوێنەری هێژا و پێوانەی ویژدان لێ دەگەڕێم٠

*　*　*

حەزم دەکرد حەمەسەعید، بە پێی لۆژیك بەیاری بیری نەتەوەیی بکێڵێت و خاکەکەی تاوتوێ بکات ٠لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە بە ئەنجام بگات و خەڵکی دی بە ئەنجام بگەیەنێت ٠هەر بەو شێوەیە، نهێنیء خۆی بە دەستی بنیادەمەوە دەدات و بیر پێش دەکەوێ ٠حەزم دەکرد ناحەزانی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی و تەنانەت دوژمنانی میللەتی کوردیش، بە ئەدەبانە و ژیرانە دوژمنایەتییەکەیان ئەنجام بدەن ٠بڵێین چی (طلفاح)ی عارەب، کورد و میللەتە موسوڵمانە ناعارەبەکانی دی بە خزمەتکاری بابی خۆی بزانێ و ئەگەر کوردێ لە ریسواکردنیدا توند و تیژ بێ، کوردی هۆش لە چۆك بە نازی و فاشی بیچوێنێ و عارەبە پێشکەوتووەکانیش! بە جودا خواز یا شعوبی ناوی بهێنن ؟! ٠ بڵێین چی ململانێی فیکری و ناحەزایەتی نەتەوەیی بە جنێو بکرێ ؟! ٠بیری نەتەوەیی ، لەم سەردەمەدا، بە پیرۆز دەزانم و کەسێ ئەو پیرۆزە بکاتە جرج و پێڵاو و بە بەعسی کوردخوری بگرێ دەبێ گوڵا وپژێن بکرێ ؟! ٠من کە خۆم بە کوردێکی نەتەوەیی بزانم، وەك فاشی و نازییەکانیش سەیر کرێم، موقەدەساتی کەسم نەکردۆتە جرجی ئاودەست و پێڵاو ٠ئەی ئەوەی ئەوەی بیر و موقەدەساتی من ئیهانە دەکات هەر(لە سەر هەقە) ؟! ٠

هێندەی توانام پێدا بشکێ لە بیری دژ بە بیرەکەی خۆم ورد دەبمەوە و پێشم بکرێ لایەنە هەڵەکانی دەڵێم ٠بەڵام سووکایەتی پێ ناکەم ٠گەلێ جار جەللادیش وەك دیلەکەی بەردەستی خۆی، بە زەحییەی دیاردەیەك دەزانم کە لە من شاراوەیە و هیچ چمکێکی لە منەوە دیار نییە ٠لە گەڵ (گاندی)شدا دەڵێم : خۆشەویستی ئەوە نییە کەسێکت خۆش بوێ کە خۆشی دەوێی،بەڵکو ئەوەیە ئەوەت خۆش بوێ کە قینی لێتە ٠لەگەڵ ئەودا ئەوە دەڵێم،بە خۆشم دەڵێم : خۆزگە دەمتوانی وابم٠

کاکەوەیس

( باسی خۆڕەتاو بو شەمشەمەکویرە ناکەم )، گوتاریکی حەمەسەعید حەسەنی شاعیرە و لە ژمارە دووی (خەرمانە )کەی خۆیدا بلاوی کردۆتەوە (١) ٠ لەو گوتارەدا، هێند بێ ڕەحمانە و بە قینەوە هێرشی بردووە، دۆ و دوشاوی تیکەڵ بە یەك کردووە و چی ڕاستیی بەر هەست و دەست هەن، هەمووی شکاندوون ٠ ئەو گوتارەی لە سەر (دوو چڵی ووشکی داریك و دوو شتی هێندێ شتی تریش ) نووسیوە کە من، لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (هەڵوێست )دا نووسیومە و باسی شیعریك و بیری ئەو شیعرەیم تیدا کردووە ٠ئەگەر خوێنەر بیهەوێ ڕاستیی بزانێ با سەیری (ئای ڕاستی چەند تامی تاڵە ) بکا کە لە (هەڵەبجە غەززی خەمنکە )دا نووسراوە ٠دوای ئەوەش سەرنجێکی نووسینەکەی من بدات ئەوسا پەنا بە خوا ، شەمشەمەتاوەکەی حەمە سەعیدیش بە سەر کاتەوە ٠

لە شەوەزەنگەکەی حەمە سەعیددا، هێندێ حەقیقەتم بۆ روون بوونەوە کە بە بێ ئەو ، بە هاسانی خۆیان بە دەستەوە نەدەدا :

١ـ وشەی دزێو، بەرهەم و کەسایەتی نووسەر دزیۆ دەکات ٠

٢ـ خۆم بە خەتابار دەزانم کە نووسینی من، هێندە ئەو شاعیرەی سەغڵەت وبێ تاقەت کردووە، لە پلەی خۆی وا داگرتووە، توانیویەتی بنووسێ : (کێ تویشەبەرەی شوانی نیشان دای ؟ ٠کێ سەری قۆچکەتاش کردی ؟ ) ٠

٣ـ (دووپات کردنەوە جوانیش بێ دزێوە ) ٠ئەمەم لەوەدا بو ساغ بووەوە کە ماموستا (ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ) ، ١٣٨ جار ناوی منی بە کار هێناوە و لە هێندێ شوێن، بە زۆرەملێ جێی بۆی کردوتەوە (٢) ٠

لەو گوتارەدا، هێندێ نا ئەمانەتی و لابردن و داتاشین هەن، هەوڵ دەدەم بە پێی توانا، گەردیان لە سەر لابەم و تەمومژیان لێ برەوێنمەوە ٠گوڵبژێرێکی جنێوەکانی دەکەم و لیستەیەکیان لێ ساز دەکەم ٠

ئەو گوتارە ناوبراوەم کە ماموستا ناوی (شت )ی لێ ناوە، بە ناوی (کاکەوەیس ) ەوە نووسیوە ٠بە خۆشم دەمزانی ناووم (حەکیم )ە،اوەدەمتوانی بەو ناوەوە (شت ) بنووسم ! ٠دەبێ ماموستا چ مەبەستێکی هەبێ وا ئەو ناوەی منی بە گوتارەکەی خۆیدا پەرت کردوە ؟! ٠دوو هۆ دەبینم و درك بە چ حیکمەتێکی دی ناکەم :

١ـ گەرەکێتی دیسان کەسوکارم رەوانەی بیابانەکان بکرێنەوە یا هەتا بەعس چزووی ماوە ، چززەیەکیان لێ هەستێنێ ٠
٢ـ وشەبازی و توانای هونەری خۆی لەوەدا پیشان بدا کە چەند (حوکمەت ) و (حاکم) و (حیکمەت )ێ بە دوای ناوەکەمەوە جەلە بکا و مەجلیسی یارانی خۆی پێ خۆش بکا و توانای قسە (قوت )ی خۆی بسەلمێنێ ٠

هەر یەکێ لەو دوو مەبەستەی هەبێ یا هەرتکان، نە جوانە و نە جوامێرانەیە، نە نیازێکی چاکە و نە پاکە ٠ پاشان، بەلای مامۆستاوە چۆنە ناوی برایەکی منی، لە بەر زۆر گوتن یا هەر هۆیەکی تر دابێ ؟ ٠

ماموستا لە چەند جێیەکی گوتارەکەیدا، بوێری خۆی و نەترسانی خستوونەتە روو٠بەوانە و بە لیستەی جنێوەکانی و بە ناووناتورەکان، خۆی لە جغزیشاعیر و نووسەران وەدەرناوە و بابەتەکەشی لە بابەتی ئەدەبی و فیکری خستووە ٠ هەر بە هۆی بوێری و نەترسانیشەوە، سەرچاوەی شیواندووە و راستی گۆریوە و دواییش، وەك ئەوەی خوێنەر بە کوێر بزانێ، سەرچاوەی پیشان داوون ٠

من، لە (شت )ەکەمدا ، گوتوومە : (درکم بە پێدا نەچووبا پێدەکەنیم ) ٠تکا لە خوینەران، بە تایبەتی دەستەی نووسەرانی خەرمانە دەکەم سەرنجێکی (نەچووبا ) بدەن ٠ماموستاش نووسیویەتی : (حەکیم دەڵێ : درکم بە پێدا چووبا پێدەکەنیم ) ٠رەحمەت لە بابی ئەوەی (نە )یەکی دۆزیوەتەوە بماندانەوە ٠٠٠ (نە )ی چیی ؟! تازە پشەکە لرفی کرد ! ٠ئەو بە خۆی ئەو (نە )یەی وەلا ناوەو بە خۆشی کارێکی پێ کردووم، بە دوژمنتان نەکرابێ : (لێرەدا مەبەستیئەوەیە کە بە منداڵی درك لە پێی چەقیوە پێکەنینی هاتووە،بەڵام ئێستا گەورە بووە، گوللەی بەر کەوێ قاقا پێدەکەنێ ٠حەکیم ویستوویەتی بمتۆقێنێ،بەلام بە هەڵەدا چووە،لە بری درك زرك (٣) و شمشێر لە خۆی بدات مێشسیك میوانم نییە ٠ئەگەر لە رووی سایکۆلۆژیشەوە سەرنجی ئەو فەرمایشتەی حەکیم بدرێ بە مەرجی راستی گوتبێ،ئەوا خۆی هاوار دەکات و دەڵێ :خەڵکینەمنماسۆشیم !(لەوێدا !! )، نە مەبەستم ئەوەیە و نە زرك لە خۆم دەدەم نە بڵ٠٠٠نەك بە گوللە، بە پاڵێکیش دوور نییە برمێم و جێیەکم بشکێ ٠ئەگەر ئەو (نە )یەش بە زۆر لەوێ وەدەرنرێ، دیسان ماسۆشی خەڵکی ناتۆقێنن ٠ماڵی (نە )م بە قورێ

گرت ا بزانە چ بە پیاو دەکاا ا ٠

ماموستا ئەم خونچەگولانەی لە گوتارەکەیدا بە کار هیناوون و زور لەوانەش، گەلیپات کراونەتەوە : " دەمشڕ، زمانپیس، درۆزن، گوشەگیر، ماسوشی، کەللەشەکرشکاندن، ساختەچی، دەسبڕ، کالفام، پەت دەپسێنێ، بەعس لە حەکیم ئابڕوومەندترە، شەللاتی، ڕووی ڕەش، سیخور، جاسووس، تەقلەباز و کومەلێ بازی دیش، ژنی دەمشر، کەلەکچی، دەست پیس، قومارچی، قاچاخچی، هەتیوباز، پیاوکوژ، چەقۆکێش، زەلکاو، گالتەجاڕ، کویلەی زەلیل، بەکرێگیراو، سیخور، ئای حەکیمی بەستەزمان چۆن بووی بە پەندی زەمان(٤)، کێ سەری قۆچکەتاش کردی، کێ تویشەبەرەی شوانی نیشان دای، چەورە، ٠٠٠ و زۆری دی ) ٠

من ئەو گولانەم چنین دەنا گشت گوتارەکەی گولزاریکە ئەوسەری دیار نییە اا ٠ ئەوانەی بە کار هیناوە تا تۆمەتی (جنیوفرۆشیی) لە خوی داماڵێنێ و بەوە گەلێ قەلس بووە من گوتوومە لە شەڕە جنیودا یەکەم دەردەچێ ٠ئەویش، هات بۆمانی بسەلمێنی کە وا نییە، کاسی یەکەمایەتی وەرگرت و پیرۆزی بێ (٥) ٠ئەوجا، ناچارانە دەبێ پرسیاریك ئاراستەی (خەرمانە) بکەین : ئەوەی ئەو وشانە بە کار بهێنێ، دەکرێ ناوی خەلکی دی بە دەمپیس بەرێ ؟ا ٠

ماموستا نووسیویەتی :

١ ـ (٠٠٠یان هەر هیچ نەبێ حەکیم ئاسایی قاچاخچێتی بە مەسەلەی کوردەوە نەکردبێ ) ٠ ل٤٦ ستوونی ١٠

٢ ـ (لە کۆنە هاوبیریکی خۆییم ( خۆی یا خۆیی ـ ك ) بیست کە لە سوید دەژی، ئەو کۆنە هاوبیرەی دەیگوت : حەکیم تا لە کوردستان بوو قاچاخچی بوو، قاتری هەبوو، تاقە سەروەرییەك بۆی مابیتەوە ئەوەیە شت و مەکی بە گران بە پاسۆك دەفرۆشت ٠ ) ل ٥٨ ستوونی ١٠

بەر لەوەی لە سەر ئەو دوو خالە شتێ بلێم ، دەپرسم : قاچاخ و قاچاخچێتی بە پێی یاسا زۆر ئینسانییەکانی (حیزبی حەلیف و قائید) ؟ا ٠ ئەگەر ئەو یاسایانەی بەعس پیوەر بن چی وکێ قاچاخ دەرناچن ؟ ٠حەمە سەعید بە خۆی قاچاخچی وشە بووە و مالی قاچاخی بەرگەلوو بووە ٠لەو کاولەسارەی ئیمەدا، دلی مندالیش بە قاچاخ لێ دەدا و خەلك بە قاچاخ دەچنە سەرقەبری باب و باپیری خۆیان ٠ئەو کۆنە هاوبیرە بە نمەکەم، هەر هێندەی بە سە کە ماموستا ،

دوو جاران به کۆنەی ناو بردووە و منیش چەند جارێ •ئەوە ڕەنگە مزەی دەست پاکیی بێ لە ماموستای وەرگرتووە •

ئەدی ئەو کۆنە هابیرەم بیری چوو بەم شاعیرە بلێ قورکاری دەکردو خشتبڕی هەبوو یا (زەرووڕەی ) هەڵبەست وەلای نا ؟! ••ئەو کۆنە هاوبیرە تازە لەخشتە براوەم ،نمەك ڕێی پێ نەدا بلێ دروێنەی دەکرد و داس و قەیناغی هەبوو یا ئەمەش بە دەردی (نە )کە چوو؟! • ئەدی مامۆستا بۆ سۆراغێکی کۆنەهاوڕێیەکی خۆشی ناکا تا بزانێ لە کەیەوە فێری قاچاخچێتی بووم؟ •خەم ناکا، با بە خۆم بۆی بگێڕمەوە :

مامۆستا ! کاتێ کە (قارەمانانی ) "هذا الحبل للخونە" ، شوباتی بەعسیو پشیلە کونە مشکی لێ کردن بە قەیسەری و تەنگەتاوی کردن، منیش بووم بە قاچاخچی •منی ئەو دەمە مێرمنداڵ، بە کرێ گیرام !! و ڕەو ڕەو هاوڕێکانی تۆم لە شارەوە ، بە نێوان سەربازگەکانی بەعسدا دەردەکردن و بە قاچاخ ملی ئەو شێرانەم لە پەت دەرباز دەکرن و تەحویلی خاڵە (ح •ح )م دەدان کە هێشتا ماوە •لە (٦٣)وە قاچاخچیم مامۆستا ! لە شارەوە، شەکر و چام تەهریب دەکرد و دەمکرد بە قورگی لەشکری شکستخواردووی ئێوەوە ! •ئەو دەمە بوومبە قاچاخچی کە زەلامی سمێڵبابری عارەبم لە شارەوە دەردەکردن •ئەو دەمە فێر بووم کە دەغڵ و دانی حەلاڵ و زولاڵی خۆمانم، بە شەو دروێنە دەکرد و لە ترسی براگەورە تالانکەرەکان، دەمی نێرەکەرم دەبەست تا نەزەڕێ و بە کوشت نەچم •لە شەست و سێوە قاچاخچیم ماموستا! بیرێ بکەرەوە بزانە تۆش قاچاخی دەستم نەبووی و نەمکردووی بە بزنەوان ! •لەوە پەشیمان نیم کە بە هۆی پیشە بە سەردا سەپاوەکەی منەوە، زۆر گیان دەرباز بوون و زۆر مل لە قەنارەی بەعس خەلەسان، بەڵام داخم ناچێ هەر ئەوانە (شت و مەك )ی دەستی منی ئەو دەمە (١٤ )ساڵان، بوون بە قاچاخچی گیان و سەر و ماڵی من و هەزارانی وەکی من لە (٧٤)دا •هەر ئەوانە بوونە دارشەقی بن باڵی هاورێ سەددام و هەر ئەو ماڵانە گالیسکەی بەعسیان رادەکێشا •

مامۆستا ! لا دێی زۆریان، زۆر ئینسانانە پەروەردە دەکرێن بۆیە لە لایەن

خەڵکی نائینسانییەوە وا ئیستغلال دەکرێن • مزەکەم (ئافەرین شیرەکەی ••)
بوو•هاورێ سوورفلە گوپخڕەکانت ، نەدەکرا منالیان هەتیوکەوون! •بەکرێگیراو بووم ماموستا ؟! •کرێکەم (ئافەرین ) بوو• قاچاخچێتیم بە مەسەلەی کورد کردووە ؟! • دەزانی لەبەر هیچ نا ، هەر لەبەر ئەم تۆمەتەت هەق وایە بچووك بچووك بیتەوە ؟! •قورکاریم بە مەسەلەی کوردەوە دەکرد ؟دروێنەم بە مەسەلەی کوردەوە دەکرد ؟!پێڵاووم بەمەسەلەکەوە دەفرۆشت ؟!• •نانم نەبوو وکارم دەکرد •
چیم بکربایە چاك بوو ؟! • لە کۆمپانیا وکارگە رزگارکراوەکانی کرێکارانی بەرگەڵو بەردەستی تۆم بکردبا ؟! •

ئەدی ئەگەر برسێتی هەڕەشە لە خۆت و لە منداڵت بکا و نەبوونی رووت تێ بکا کیهەیان دەکەیت : خۆت و قەڵەمەکەت دەفرۆشی یا ئەدیداس ؟ • سەر دەبڕی یا خشت ؟ • سەرت بۆ بەعس نەوی دەکەی یا بۆ گوڵە گەنم و داس ؟ نا ••• خۆ تۆ کەسوکارت ناویان نادرێ و هەواڵەی بیابان ناکرێن ! چی تێدایەنیوت شاعیری (بەرگری ! ) و شۆڕشگێر و چینباز بێت و نیوەت لە بەغدا تۆز بکات ؟! • گرینگ خۆگونجاندنە ! •

مامۆستا ! کەسوکارم هەواڵەی بیابانەکان کرابوون و کەسم نەبوو یارمەتییەکم بدا • پیاوی چاك بە و لێم خۆش بە ! • بە خۆم و بیر و کار و هەموو شتێکەوە لە بەعس قاچاخ بووم نەك لە حشع •ئەدی جەنابت بە تەکلیفی بەعس خۆت وە پەنای کەسانێك دابوو کە رقی گەورەت لێیان بوو ؟! •جگە لەوانەش کەسێ لە پرۆگرامنووسین و کاری کۆمپیوتەرەوە بێتە سەر ئەوەی بۆ نان،دووی کلکی بارگیر کەوێ وە دەزانی لە ئاهەنگدایە ؟ •نا ، کارەساتێکە مەگەر بە کوڵاو و برژاوی ژیان هەڵسووڕێ نەك بە دەستوپەنجەی بلوورینی بە (شەفەوی )و بە زارکرێکار •ئەدی سیاسەت هەر لە سەر دڵڕێوی (حەکر )ە و نابێ چەرچی و پێڵاوفرۆش گلاوی کەن ؟! •ئەگەر قاچاخچێتیشم بە مەسەلەی کوردەوە کردبێ، دیارە چەند سوورفلێکم لە هاورێیانیش فرۆشتووە •ناشێ منی (فاشی و نازی! )
خوێنی هاورێکانی تۆم پێ پیرۆزتر بێ لە خوێنی کورەکوردا •کافریش بم وا نیم!! •
بارەگای پاسۆکیشم نەدیوە تا لە گەڵیاندا گرانجا بووبم، ئیدی نازانم ئەو کۆنە هاوبیرە مدەمانی یا تۆ هەر بۆ خۆشی پێوەیت ناوە ! •

مامۆستا نووسیویەتی : (حەکیم بێجگە لەوەی درۆزن و جنێوفرۆش "چی ی ی ک" و پاسۆک و دەست پیسە، کۆنەپەرستیشە،ئێ خۆ نابێ پێشکەوتووخواز بێ (٦)).

درۆزنم؟ ٠ من گوتوومە لە (٧٤)دا ئەوەت کردووە و ئەمەت ئەنجام داوە ٠ تۆش، هەمووت کردوون بەڵام لە پەناوە، راپۆرتی نارەزاییشت نووسیوە ٠ناڵێی نەمکردووە٠٠٠بە سەر (٧٤) و (٧٥)دا بازێکت داوە و لە (٧٦)دا وەك باز نیشتوویتەتەوە و ئیستقالەت داوە! دەستت خۆش بێ و هەر ئەوەت چاك کردووە! ٠ئەو دەمە، بە دزییەوە راپۆرتت نووسیوە و پیشت خواردووە، بە ئاشکراش بەردی دامە بووی ٠دەڵێم بەردی دامە چونکە خۆت دەڵێی سیاسەتی حشع من دامنەدەرێژا ٠کەواتە تۆ بە خۆت لە ناو جغزی دارێژراواندا بوویت و تا سەنگەری حشع ئاسنین بوو و لە پەنای هاورێ سەددامدا بوو، تۆشی تێدا قارەمان بوویت ٠کاتێکیش شۆرشی ئەیلوول هەرەسی هێنا و پێك هەڵدرا و حشع لە کوردکوشتن کەوت، تۆش لە (نضال) چوویتەوە و پەیامەکەت گەیشتە جێ ٠ ئیدی درۆی چی مامۆستا ؟! ٠بەڵێ جاش نەبووم و (انصار) بووم! ٠خۆ هەر تۆ نەبووی، قەیدی چییە ژیوان بیت ؟ ٠دەزانی من لە چی پەشیمانم ؟! لە قاچاخچێتی نا، لە قورکاری نا، لە دروێنە وکاسبی نا ٠٠لەوە پەشیمانم لە حیزبێکی عیراقچی خوێن بە فیرۆدەردا کارم کردبێ ٠من(هێشتا جقەم دەر نەکردبوو و تازە کوورە) بووم و نەمزانی ٠تۆش، داهێنەر بوویت و دەتزانی! ٠٠ من گوتوومە ئەمە و ئەوە بوویت، توش نووسیوتە : درۆزنی، جنێوفرۆشیت، ریشت بەرداوەتەوە (٧).

ئەمە مەسەلەی درۆ٠ دەمپیس و جنێوفرۆشم ؟! ٠ با هەر بەردێکی لەسەر دانێین! ٠ دەست پیسم ؟! ٠کاك حەمە سەعید، برگەیەکی نووسینەکەی منی بە فەرموودەیەکی مامۆستا مەسعوود محەمەد پێواوە وبە دزی داناووم ٠کەم بەرهەمی ئەو زاتە هەیە نەمخوێندبێتەوە ٠بەڵام ئەو رستەیەم لە ژێر کاریگەرێتی راستەوخۆی نووسینی ماموستا مەسعووددا دانەرێژاوە، رەنگە ناراستەوخۆکاری خۆی کردبێ ٠ئەوە بە دەست پیسی نازانم٠ خۆ ئەگەر دڵی خوێنەر ئاو ناخواتەوە، ئەوا بە دەنگی بڵند بڵند داوای لێبوردن لە مامۆستا مەسعوود و خوێنەر دەکەم٠ دەبا کاکە

حەمە سەعیدیش وا بکات ٠

(ئەو پەڵەیە لە تەوێڵی نووسینەکەم بکەمەوە )ی بە کار هێناوە کە لە کتێبی (سڕینەوەی چەند پەڵەیەك بە تەوێڵی راستییەوە )ی کاك کوردۆ عەلی ، بە قەرز وەرگرتووە ٠با ئەمەشی لە سەر حسێب نەکەین ٠ ئەو (پێستی رووی هێند قایم نییە ٠٠٠ )ی بەکار هێناوە و شێخ رەزای تاڵەبانیش گوتوویەتی : (چەرمی رووی هێند قایمە ٠٠٠ ) ٠حەمە سەعید، شەربەی کەسی نەدۆزیبیەوە بە سەری خۆیدا قڵپ کاتەوە هی شیخ رەزا نەبێ ؟! ٠مامۆستا مەسعود، لەوە ناسکترە کە بە رووی منیدا بداتەوە بەڵام **شیخ**، لە گۆریشدا پێی بزانێ ، مەگەر خوا هەر بە خۆی بزانێ چی دەکات ! ٠

دەست پاکی ماموستا، بەو (نە )یە و بەو جووتەی سەرەوە نەوێستاوە کە باس کران، (کێ بوو خۆی کرد بە شەکر ئەحمەد حەسەنل‌بەکر )ی کردووە بە دروشمی سەرەکی پارتیی سەرەتای حەفتاکان ٠ئەرێ من زەینم کوێرە و رەنگە باش نەیزانم، ئەوە دروشمی پارتی بوو ؟ ٠٠٠ (هذا الحبل للخونە ) پێ دەچێ دروشمی سەرەکی حشع بووبێ!٠ مامۆستا بێ قەزابێ! ئەوانە لە دەمی ئەو خەلکەوە کەوتنە سەر زاران وکەوتنە شاران ٠ چما کۆمەڵێ شێت و هاریش شتی لەو بابەتە دەکەنە دروشمی سەرەکی حیزبەکەیان ؟! ٠ خۆ هەموو ئەو هەرا و بەزمە بە سەرچوانەمان لە بیر ماوون ٠ ئەوانە وا بسەپێنێ و بیانگۆڕێ دەبێ چی بە سەر روداوێکی (ناوچەیی )دا بهێنێ و چۆن ئەتکی بکات ؟! ٠

کۆنە پەرستم؟ ٠ هەرچەندە بۆچوونی من بو نوێخواز و کۆنەپەرست لە هی ماموستا جودایە بەڵام با بە گەز و جاوی خۆی بیپێوین ٠با بزانین ئەمەیانی‌بە چ دەسپاکییەکەوە داتاشیوە ٠مامۆستا نووسیویەتی : (حەکیم ئەمەی پێ قووت ناچێ و دەڵێ " دەبێ قارەمانەکانی ئەم چیرۆکە،خەڵکی ئەستێرەیەکی دی بن، ئەگینا شتی وا لە کوردستان کفرە (٨) " ) ٠دوایی، نەترسانە، سەرچاوەکەشی، بۆ دڵنیایی پیشانی خوێنەر داوە ٠

خوێنەری هێژا ! من ئەمەم نووسیوە : (نەورۆز کە پێشمەرگەیە و ماڵەکەیان سێ چوار سەعاتە رێ لە بارەگاکەوە دوورە،وێ ناچێ دێ نشین بێ ٠ هێندە کراوەیە خەڵکی شاریشی تێپەڕاندووە ٠بە ئاشکرا دەزانێ (جەلال )ی هاورێی

دڵی بۆ گوڵەی خوشکی لێ دەدا ٠لە بری ئەوەی دەماری لا دێیەتی ببزوێ،خۆی سەرەداوی مەسەلەکەی لەلا دەکاتەوە و بە ئاشکرا ڕێی بۆ خۆش دەکا : " هیچ شەرمی پێ ناوێ، من کەر و گا نیم و عەقڵم هەیە،گوڵەش هەموو شتێکی بۆ باس کردووم ٠٠٠ " گوڵەش، وەك کاکی پێشکەوتووە و ڕازی خۆی لە لا دەدرکێنێ ٠ ئەمە دەبێ خەیاڵی چیروکنووس بێ یا نەوروز و گوڵە خەڵکی کوردستان نین و لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتوون ٠باوەڕ ناکەم تاکە یەك نموونەی ئەم بابەتە لە هیچ دێیەکی کوردستاندا هەبێ ٠ )

جارێ من، قارەمانەکانم نەگوتووە ، نەوروز و گوڵەم گوتووە چونکە دێنشینن و هەر ئەو دووەش قارەمانی چیرۆکەکە نین ٠پاشان من باسی لا دێم کردووە ٠ جگە لەوەش، کەمێ پاشتر نووسیومە : (من چ دژی ئەو بۆچوونەی چیرۆکەکە **نیم** و **هیچیش پێم خراپ نییە** و دڵنیام ڕۆژێ دێ کیژ و کوڕی کورد، بە پۆشاکی‌کوردی و غەیرەوە باسك بە باسکی یەکدا دەکەن و ئەوەی ئەمڕۆ کارەساتی لە سەر دەقەومێ، دەبێ بە دیاردەیەکی ئاسایی ٠بەڵام ئەوەی کاك میران ئەمین باسی کردووە ،پێش زەمان و سەردەمی خۆی کەوتووە ٠ )

ئەرێ ئەوەی کە حەمە سەعید بە ناوی منەوە گوتوویەتی هی منە ؟! ٠ ئەو بە کەیفی خۆی ، گوتەکانی منی ژەنیوە و ئەو تۆپەڵە کەرەیەی، بە ئەمانەتەوە،لێ وەبەرهەم هێناوە ! ٠من نە (ئەگینا )م بەکار هیناوە نە (کفرە ) ٠ئەگەر بە ڕاست گوێی و باس کردنی دیاردە،وەك خۆی، ببم بە کۆنەپەرست و بە گۆڕین و دەست کاری و داتاشین و وەلانان پێشکەوتنخواز بم، سڵاو لە دیداری کونەپەرستی ٠ دەبا ماموستا، ئەو (ئەگەر )ەش وەلا نێ و سڵاوەکەم بگەیەنێ ٠

ئەمەش نموونەیەکی تری دەسپاکی ماموستا بوو و جارێ ماوێتی :

(حەکیم بێ ئەوەی نامەی بۆ چووبێ،بانگ کرابێ،باس کرابێ،ژمارەکەی لێ تێك چووبوو،بە هەڵە هاتبوو، کاتێك تێمگەیاند تەنیا ئەدیب مافی دەنگدانی هەیە و ئێمە دەمانەوی یەکێتی ئەدیبان لە دایك بێ نەك یەکێتی ئەوانەی ناسکە گوتار بۆ ڕۆژنامەی حیزبەکان دەنووسن ٠٠٠هتد )

ئەوەی پێی بزانم،لەوریزە داهێنانەدا، یەك ڕاستی زەق هەیە کە ئەوەش بوونی منە لەو کۆنگرەیەدا ٠وەکی دی، نە ماموستام دیوە نە ناسیومە ،نە گیێم

له دەنگی بووە و نە تێشیگەیاندووم • ناشزانم مەبەستی لە ژمارە لێ تێکچوو-
نیش چییە • دەبێ ویستبێتم بۆ جێیەکی ناشایستەتر بچم؟! • جگە لەوانـەش،
ئەدی بۆ دکتور جەمشید دەیگوت باس کراویت و بانگ کراوی و نامەکەتمان لێ
تێکچووە ؟ •بانگیش نەکرابێتم، دەبوو حەمە سەعید بەرانبەر نەناس گەلێ بە
حورمەتتر بێ • ئەی دەبێ من چ کارێکم بە یەکێتییەك دابێ دکتاتۆری وای بە
سەر سەرەوە بێ ؟ •

هێشتا دەستپاکی و ئەمانەتی ماموستا ماوێتی و ئەگەر زۆری لە سەر بڕۆین،
بەم زووانە نابڕێتەوە • با سەرنج بدەین بزانین چی بە مەحوی کردووە :
مەحوی نەمر، فەرموویەتی :

لە پاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاهـ و هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ من بەرقی تێ دەگرم

منیش، لە گوتارەکەی (هەڵوێست )مدا، دەرفەتم دیوە و سوودم لەو شیعرە وەر
گرتووە و لە نێوان جووتێ کەوانەدا نووسیومە : (کەسێ شێتانە بەرد بگرێتـە
کوردایەتی من بەرقی تێ ئەگرم ) • دیارە (بەرق )ی مەحوی ئاهـ و هەناسەیەتی
و (بەرق )ەکەی منیش، بە لای خۆمەوە، وشە و راستییە •باوەڕ ناکەم ئەمەی مـن
کردوومە، خراپەکاری بێ ، دەرهەق مەحوی نەمر چونکە :

١ ـ مەحوی و ئەو شیعرەی ، لەوە ناسراوترن بخوازرێنەوە و نەناسرێنەوە •
٢ ـ لە ناو جووتێ کەوانەم هاویشتووە و ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کـە
خوازراوەیـە •

حەمە سەعید، بەو کارەی من لە دینێ وەرگەڕاوە • هاتووە تۆڵەی مەحوی لـە
من بکاتەوە، بە جارێ ماڵی مەحوی بە قوڕێدا بردۆتە خوارێ و لە گۆڕێیـدا
تەززاندووە • هەر هێندەشی ماوە پێمان بلێ : هاوڕێ مەحوی ئەندامی شـانە
حیزبییەکەمان بووا •حەمە سەعید (بەرق )ەکەی مەحوی بۆ قینی جەماوەر بە
ئەمانەتەوە، گێڕاوەتەوە !! • تەحجا !! •ئەمە بەم هیشکەکەڵەکە تا تەوقەسـەری
بریژنێڤ هەڵچندرابوو بۆیە بە نووکە پرۆسترۆیکایەکی گورەچۆف خڕەی لـێ
هەستا و بە جارێ هاتە خوارێ • مەحوییەك کە بەر لە سەد و شێست سـاڵ
هاتبێتە دنیاوە بە گەز و جاوی ئەمرۆی حەمە سەعیدی لە گەڵ دەکرێ ؟! •

نەنکم، (لەگەڵ مردووی خوێنەراندا بە ڕەحمەت بێ )، بە لای خۆیەوە(ئەحمەدی) بۆ شەرح دەکردین • (هەننە لێرە مەننە لەوێ مازاتوریدە تۆ چیت دەوێ ) کە ڕەنگ بێ (هُنا ) و ( هُنالك ) و (ماذا تُرید)ی عارەبان بن، وای بۆ لێك دەدا ــ ینەوە : ڕۆڵە، هەننە و مەننە دوو برا بوون • خوا غەزەبی لێ گرتبوون و بە شەڕ هاتبوون • مازاتوریدەی خوشکیان، قوڕی دەپێوا و قژی خۆی لە بن دەردەهێنا، دراوسێ هاتن و بە مازاتوریدەیان گوت : باشە باش ! هەننە لێرە و مەننەلەوێ ( ئەوان وا بە شەڕ هاتوون ) تۆ چیتە و بۆ وا دەکەیت؟!•

ڕێك ماموستا حەمە سەعیدیش وا ئایەتەکەی مەحوی بو شەرحکردوین •جیاوازی هەر ئەوەیە، ئەو بە (شەفوی ) وئەم بە (تەحریری ) •

قینی چی و جەماوەری چی ؟! • مەحوی باسی ئاه و هەناسەی خوی کردووەکە وەك بەرق سووتینەرە و گرمەی تێ •ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، شەرحی لێ کردووە چ باسی جەماوەری ڕاپەڕیوی نەکردووە !! •

با لە گەڵ حورمەتی زۆرمان ،مەحوی نەمر لێ گەڕێین و بێینەوە سەر وتارەکەی ماموستا • نووسیویەتی : (حەکیم ئەمە ئەلف و بێیە،ئەوەی بە ئەدەب نەبێ بە ئەندامی ئەدیبان وەرناگیرێ ) • گومان لە ڕاستی ئەم تیۆرییە دەکەم • بـــا (یەکێتی ئەدیبان ) چاوێ بە باقە گوڵەکەیدا بێنن و بۆنێکی بکەن، ئەوسا بە پیێ ویژدان کە مرۆ لە گەلێ شت جودا دەکاتەوە، بڕیاری خۆیان بدەن •

کاك حەمە سەعید، لەم گوتارەشیدا بیری نەچووە بە شان و شەوکەتی خۆیدا هەڵبلێ •کاتی خۆی، لە بەر خۆهەڵنانەکەی، (٧٤)یم بە سەر کردۆتەوە نــەك لە بەر شتێکی دی •دیسان، گوتەی خەڵکی و ڕای پۆزەتیڤی ئەم و ئەوی چنیون و بە قەراغ و بیجاغی عاباکەی شانی خۆیدا چنیوون،و خۆی پێ قۆز کردوون ••• دەزانین و زۆرمان لە زاری قەڵەمەکەی خۆت بیستووە ! •چما کەس بۆی هەیە ڕای ناپۆزەتیڤی هەبێ ؟! •ئەوەی هەیبێ، ئەوەی پێ دەکرێ کە بە من کرا •چما منیش بمزانیبا خاوەنی ئەو لوتفەی هیچم دەگوت ؟!بەڵام دا لە نابەڵەدی ! •• کاك حەمە سەعید، بەم خۆهەڵنانەی، تۆزی نەرگزی خۆی دەنوێنێ بۆیە (دلـم نایا دڵی بشکێ نەخۆشە ) و دەبێ دڵی ڕاگیرێ •

کاك پشکۆ، لە دوادوایی گوتارێکیدا کە لە یەکەم (نووسەر )دا نووسراوە،دەڵێ:

(دواجار ئێمەی هەڵەبجەییە ئاوارەکان ،چەپکە گوڵی لە خوێنا شەلالی شەهیدانمان دەکەینە دیاری پیرۆزبایی کاك حەمە سەعیدی شاعیر ۰۰۰ )کاك حەمە سەعیدی شاعیریش، لێی وەستاوەتەوە و ئەوەی لە سەری کردۆتە ماڵ و دەڵێ :
(حەکیم سەغڵەت مەبە و بنۆڕە و بزانە خەڵکی هەڵەبجەیی چی دەڵێن : )دوای ئەوە، خوا هەقە، گوتەکانی کاك پشکۆی وەکی خۆیان نووسیونەتەوە ۰

لە کاتێکدا ڕێزی بێ سنوورم بۆ هەستە سەرکردووەکەی کاك پشکۆ هەیە کەلە ناو ئاوارەکانی هەڵەبجەوە ئەوەی گوتووە، بەلام نابێ لە بیرمان بچێ کە دەنگ بۆ ئەو پیرۆزباییە بروسکە ئاسایە نەدراوە و خۆپیشاندانیشی بۆ ساز نەکراوە و نازانم چۆن دوای ئەو کارەساتەکەبەسەر هەڵەبجەدا هات، ئەمەشی پێ کراوە ؟!
حەمە سەعید، سێ جار سوودی لە کاك پشکۆ دیوە : بڕگەیەکی بە ناوی خۆیەوە وەرگرتووە و نووسیویەتی،دوایی ئەو بڕگەیەشی ،بە ناوی خەڵکی هەڵەبجەوەلە سەری کردۆتە ماڵ و (احراج )ی کردووە ۰ لەوانەش گرینگتر، بە یەکێ لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەی خۆی (خەرمانە ) ناونووسی کردووە ۰ ئەمانەشی گشت لە پێناوی خۆهەڵناندا کردووە ۰

توخوا با منیش ،ڕایەکی ئەرێتی خۆم بخەمە سەر ئەو حەمکە ڕایە : حەمە سەعید حەسەن، هەرچەندە (ئای ڕاستی چەند تامی تاڵە )ی هەیە، نامەیەکی چاو بە فرمێسکیشی هەیە ۰ئەمەیان، چونکە لە سەرچاوەی لێڵی ڕقەوە سەری هەڵنەگرتووە، (خۆی لە ناوچەی ساردوسڕی سەری خوێنەر ناگرێ و ڕاست بەرەو ناوچەی گەرموگوڕی دەروون دەکشێ.ڕەگی دەگاتە دڵ ) ۰جا ئەگەر ڕای پۆزەتیڤی من بە ماڵوێرانی دەزانێ، با ئەمەیان قووت داتەوە و هەر مەدالیا بە باقوبریقەکانی خۆی بچڕێ ۰

ماموستا، منی بە سیخوڕی بە سەلیقە داناوە و بە ڕاپورت نووسی حسێب کردووم ۰گەردەنی ئازا ! ۰بەلام با بزانێ کە هیچی بۆ من نەهێشتۆتەوە تا لە ڕاپۆرتی نێم ۰خاوەنی ئەو لوتف و لیستەیەش بێ چاك بە چاکە باس دەکرێ!۰ چما خەرمانە بە خۆی ڕاپۆرتی حەوسەر نییە ؟! ۰ دەبێ ئەم شاعیرە ناودارەمان پێی چۆن بێ من بووبم بە بەرگریکەری ؟! ۰ نا بابە نا ! ۰ باوەڕ ناکات چونکە باوەڕی بێ باوەریی هەیە و منیش ئەمە باوەڕمە : ئەوەی وشەیەکی حەمەسەعید

بە چەقۆی تیژ سەربڕێ، دە پەنجەی من بە سیکارتە کولێك دەقرتێنێ (٩) ...
ئەوە کۆمەڵگەیە و هەموو بابەتە بیرکردنەوەیەکی تێدایە ...حەمە سەعید و ئەنواعی وەك ئەوی تێدان و هی تریش وا بەرێوەن .

• (بەراست حەکیم ئەدی رەخنە لە عەزیز محەمەد بۆناگری ) ل ٥٠ ستوونی ٢

• (حەکیم ئێوە نەك لایەنەکان ئەفرادەکانیش پێتان رادەبوێرن ئیدی رەخنەی چی لە حشع دەگری ؟ ) ل ٥١

رەخنە بۆ ناگری و بۆ دەیگری ، مەتەڵە .هەواڵەی خودی خەرمانەی دەکەم .

•(کاکە حەکیم گیان (گیانی کاکە ـ ك )کەس تۆی نەکردووە بە دەمراست و داوای لێ نەکردووی ناتۆرە دابەش کەیت ) ل ٥٤

• (کۆیلەیەکی زەلیلی فەرمان پێ کراوی بەکرێگیراوی ) ل ٥٦

ئەرێ دەستەی نووسەرانی خەرمانە،کامەیانم ؟ .

ـ (حەکیم راست ناکەی ناونیشانی ناملکەکە درشتترە لە ناوەکەی خۆم )ل ٥٦.
من نووسیومە (درشت ) نەك درشتتر . ئەو (تر )ە لە کوێوە لێمان پەیدا بوو ؟!

(حەکیم گیان ! (گیانی حەکیم ـ ك ) نیگاری بەرگی کتێبەکە ئاڵای کوردستان نییە،نەخشەی کوردستانە و هەڵەبجەی تێدا دەستنیشان کراوە ) لە لاپەرە ٦٤، مامۆستا ئەوەی گوتووە . بە رەنگی کەسك و سوور و بە هەتاوەکە ، ئاشکرا دیارە کە ئاڵایەکی شێوێندراوی کوردستان، بە بەرگی (هەڵەبجە غەززەی خەمناکە )ی حەمە سەعیدەوەیە .ئەو نیگارە، بەو بەرگەشەوە نەبوایە نرخێکی تری دەبوو.. ئەوە دەڵێم چونکە مامۆستا حەمە سەعید رێك نووسیویە : (**لووتکەی سەری هیچ حیزبێکی نەتەوەیی کورد ناگاتە پاژنەی پێی حشع** ) هیچ حیزبێکی نەتەوەیی **کوردی** گوتووە .حشعیش چ باوەڕی بە ئاڵا و بە نەخشەی کوردستان نییە .ئیدی دیارە حەمە سەعید، یا دەستی هونەرمەندەکەی بڕیوە و بۆ قەشمەری تابلۆکەی بەکار هێناوە یا هەر لە بنەڕەتەوە تێی نەگەیشتووە ئەگەر وا نەبێ تۆ لە کوێ و نەخشە و ئاڵای کوردستان لە کوێ ؟! .ئەم دەبڵ خواردنە، هی شاعیر و ئەدیب نییە، هی سیاسەتمەداری سیاسەتخەسێنی قوڵبڕە .مامۆستا، بەمەش خۆی لە دەستپاکی بواردووە ...

ماموستا نووسیویەتی : (حەکیم ئیستا دەستی لە هی کەرویشك کورتترە ئەگەر

نا ئەویش وەك تاوانەکەی بۆ هەڵبەستووم،فەلاقەیشی دەکردم و دواتر پەتیشی دەکردە ملم) • گەز گەزی خۆیەتی و جاو کۆلانی خەرمانەیە و چاودێر وقەیچی رقابەش دەستەی نووسەرانە •••دەپیۆێ و دەپیۆێ •پەتت فەرموو ماموستا ؟! •
ئەرێ ئەوە گۆشەگیرە نەگریسە بەرچاوتەنگە نەتەوەپەرستەکان بوون پەتیان رادەوەشاند و دەیانقیژاند (هذا الحبل للخونه) و تورکمانەکانی کەرکووکیان بە سەر شەقامەکاندا (سحل) دەکردن و (دواتر)پاشماوەی جەستەکانیان بە دار و دارتێلەکانی ناو شاردا هەڵدەواسی ؟! •ئەرێ کێ بوون ئەوانەی کوێخای گوند یان رست دەکرد و دێ بە دێ دەیانگێڕان گوایە ئیستعمارن گوتم ئیستعمار نەك ئیستعماری ؟! •ئەوە بنجی تۆیە و بەخۆت لە سەری بروێرەوە ! •پاشان کام تاوانم بو هەڵبەستووی ؟! ئەدی بۆ خوتی لێ دەوەخرێنی ؟! • دە بڵێ وا نەبووا •
کۆمۆنیزم، لە تەپان بنەوە تەپیوە کەچی ماموستا لە دوا نهۆمی خەیاڵدا هێلانەی کردووە • ئەمە بە هەڵویستی خەڵکی جاهیلی عارەب دەچێ کە ئیسلام بوونیان پێ قووت نەدەچوو و لە سەر ئەفعالی کۆنی خۆیان را هاتبوون •کە ئەوە دەڵێم، واقعیش پێم دەڵێ: ئەگەر هەڵوێستی حشع بە هی جووتە بەعس و گشت لە گشتی دەعباکانی ناوکیانی عیراق بپێوین، بە روونی دیارە کە هی ئەمان، لە هەموو ئەوانی دی باشترە ^ئەمانیش، بێجگە لە هەرەسی کۆمۆنیزم، هێندە هەڵەی کوشندەیان کردکە هیوایان چك کات وهەڵوێستیشیان چ دەوری نەمێنێ بۆ مێژوو نەبێ •
ماموستای هەستیار و (موفەکیر) نووسیویەتی: (بریا ئەوی درۆیەکی دەکرد دەست بەجێ رووی رەش دەبوو،ئەوسا حەکیم بێجگە لەوەی دووچاری چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بووە، لە بەر رەنگی پێستیشی دەچەوسێنرایەوە) ماموستا ئەوەی گوتووە و خوا نەگا بریاکەی بێتە دی نەبادا لە خۆی گیرا بێ !! حەمە سەعید، خۆشحاڵی خۆی بە چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی من دەربڕیوە و بە هۆی ناو و بیر و ریش و ئیشیشمەوە دەمچەوسێنێتەوە و هێشتا داناکەوێ و دەیەوی بە هۆی رەنگیشمەوە بچەوسێمەوە •ئەمە هەر لە بەر ئەوەی گوتوومە :پاشا رووتە و عەیبی دیارە ؟! •ئەو، هێندە بە چەوساندنەوەی خەڵکی

شاد و خەنییە و وا سادیستانە خۆی دەنوێنێ، خراپ نییە موژدەیەکی خۆشـــی دەمێ و پێی بڵێم کە خەمی نەبێ، بە هۆی ڕەنگیشەوە چەوساومەتەوە :

لە شام، چوومە بارەگاکەی هاوڕێیان و جێ نزرگەکەی مامۆستا ۰هاوڕێ ڕەزاق سافی لەوێ بوو کە خوا هەقە، عارەبانە خێرهاتنی کردم ۰ماندوو، بێ تاقەت و ڕەش هەڵگەراو بووم ، و وەك ئەویش عارەبیم دەزانی ۰کە زانی کوردم بـــە بزەیەکەوە، سوعبەتیکی هەرزەکارانەی لە گەڵدا کردم : چما تۆ کوردیت ؟! بـا ـــ وەڕت بێ وەمزانی (معێدی )ت ۰ منیش کە کەم جار وا ڕەق بووم ،گوتم :ئـــەرێ معێدی (اسم تحقیر )ی عارەب نییە ؟! ۰

دەڵێن مەلا مەولوود دەخوێنن بەڵام مەولوود ناکەن و لێشیان بە عەیبـــە ناگیرێ ۰ئومەمیش وەهان، بە هۆی ئیش و ریش و نا و و بیر و ڕەنگ وزمانـەوە، خەڵکیش بچەوسێنـەوە، مادام ئومەمین خەم ناکات ۰چەوسینەریش بن دژی چەوساندنەوەن و هەر (لە سەر هەقن )!! ۰

ئەرێ بە راست من دەرگای گەلێ گوڤارم بۆ بڵاوکردنەوەی (شت )ەکـــەم کوتاوە ؟! ۰ دەبێ یەك بە پێی کام یاسا و (منطق ) بووبێتە گەلێ ؟! ۰خۆ من بە خۆم باسیشم کردووە کە ئەو گوتارە ناوبراوەم بۆ (بەربانگ) ڕەوانە کردووە ۰ئەی خۆت ماموستا ؟! ۰شەمشەمەتاوەکەت بۆ بەربانگ نەنارد و بە سەرێتدا درایەوە ؟! ناکا بڵێی وا نییە ؟! ۰ئەرێ وەڵڵا ناردت و بە سەریشتدا درایەوە وکاك خەبـات جێی بۆ نەکراوەتەوە ! ۰کاك جەمشید گوتی :بۆی ناردین بەڵام بڵاومان نەکردەوە۰

بەڵێ من دەرگای بەربانگم کوتا و پێی ناوێ ماجەراکە دووپات کەمەوە و وا لە هەڵویستمدا نووسیوە ۰ ئەوا دەرگای خەرمانەش، بۆ بڵاوکردنەوەی ئـــەم نووسینە (ببوورە ئەم شتە )ش دەکوتم ۰دەبێ خەرمانەی دەوری روخساری حەمە سەعید دەست بە روومەوە بنێ ؟! ۰چی تێدایە شتی منت بکەوێتە بەردەست ؟ ۰ کە چیرۆکم بۆ لیژنەیەك ناردووە تۆی تیدا ئەندام بووی،چما هەر بە خۆت بوی و ئەوانی دی بەرد؟! ۰بێ شەریك و ئەوحەدی لیژنەکە بووی ؟! ۰ باوەرت بێ چ پێم گرینگ نییە (شت )ی تریشت بو ڕەوانە بکەم بەلانەکینێ لە ترسی ئـــەو پشە ملـومۆکەرە، وێنەیەکی لە لای خوم لێ گل دەدەمەوە ! ۰

مامۆستا، مکیاڤیللی لە شەللاتی بە سووکتر دیوە و نووسیویەتی : (حەکیـــم

شەللاتییەکانیشت سووك کرد چ جای میکاڤیللی ) ٠
ئەوەی ڤینی لەو زاتە زانایەبێ،بە هۆی (وەسیلە ) و (غایە )کەیەوەئەو ڤینەی لێیەتی ٠بەڵام ماموستا، دەڵێی مامۆستای خۆی بە سووك دەبینێ و لە کاتێکدا مکیاڤیللی وا باس کردووە، بە خۆشی نەزانیوە کە لە خۆرەکوێرەکەی خۆیدا،بە خۆشی، دەبڵ مکیاڤیللیستە : غایەی یەکەمی مامۆستا، شکاندنەوەی شەخسی منە و بۆ وەدەسهێنانی ئەوەش، هیچ وەسیلەیەکی ناشەریفانەی نەهێشتۆتەوە وەگری نەخستبێ ٠رستەی گۆریوە، (نە )ی وەلا ناوە،رستەی هەڵبەستووە،ئەو باخچەجوانەی خۆی و ئەو گوڵاڵانەی بەکار هێناوون کە لە سەرەتاوە بۆن کران ٠ ناو و ریش و ئیش و ئێش و ئازاری شەخسی خۆمی کردوون بە وەسیلە ٠کە بە لای خۆیەوە گەیشتە (غایە )کەی خۆی،ئەوجا هەمان غایەی کردووە بە وەسیلە بۆ گەیشتن بە (غایە )یەکی نوێی گەورەتر کەلێدانی خەڵك و لایەن و بیر و بۆچوونی جیا لە هی خۆیەتی ٠ئەرێ ئەو زاتەی بۆڕ نەدا ؟! ٠ئەرێ بە خۆی دەبڵ مکیاڤیللیست نییە ؟! ٠
هێندەی خەمی ئەو خەڵکەمە کە حەمە سەعید بە نارەوا بەردەرگەی لێ گرتوون و بە نارەوا هێرشی بردوونەتە سەر و سووکایەتی پێ کردوون،خەمی خۆمم نییە ٠ هیچ نەبێ من (شت )ێکم لە سەری نووسیوە و بەردی کەعبەکەیم خوار کردووە ٠ بەڵام ئەوان،لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و چ ئاگایان لەم کەینوبەینە نییە و شەریان پێ فرۆشراوە ٠جگە لەوەش، تیایاندا هەیە مردووە و شەیتان وازی لێ هیناوە و گەیشتۆتە ماڵی هەق ٠ خوا سەبووری جنێوپێدراوان بداتـ ! ٠
مامۆستا، لە دوادوایی گوتارەکەیدا نووسیویەتی : (من نامەی دڵداری نانووسم ململانێی فیکری دەکەم کە ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتییە ٠ )
ئەگەر خۆرەکوێرەکەی مامۆستا ململانێی فیکری بێ،شەرەتێڵا و شەڕەگەرەك چۆنن ؟! ٠ئەگەر ئەو دەسکە گوڵە ململانێی فیکری بێ بەردەفرکێی منداڵان چۆنە ؟! ٠ حەمە سەعید، بەخۆی دەزانێ کە ململانێی فکری وا نابێ ٠ململانێی فیکریش نەبێ - بە پێی بۆچوونی خۆی - ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتیش نییە ٠ڕەنگە ڕەنگدانەوەی پەروەردەی منداڵیی بێ ٠ لەوەدا ڕەنگی چینایەتی پێوە دیارە کە منداڵی هەژاران، جنێوی تۆختر و خەتەرتر دەزانن ٠ ململانێی

فکری وا نابێ وقەتیش لەوباوەڕەدا نەبووم ئەمە رادەی لێزانی حەمەسەعیدێ بێ کە دەمێکە ناوی بە گۆڤارانەوە هەیە •بەلاّم بلّێین چی کە میللەتی ژێردەستەی قڕتێخراو، فەیلەسووفی وای هەبێ و سەری لەش بەشوودەری تێدا بخولقێ ؟! •

ماموستا، بەرنامەیەکی بۆ خۆی و من داناوە : (حەکیم با بەلّین بدەین تاکو مردن هەردوکمان خەریکی کاری خۆمان بین،من درێژە بە رەخنە،واتە خەباتی فیکری دەدەم، تۆش درێژە بە راپۆرت نووسین واتە جاسووسێتی بدە ) •

بە دلّنیاییەوە دەزانم کە حەمە سەعید وەك هەوالّی قاچاخچێتی منی لەکۆنە هاوبیرێکمەوە زانیوە، ئەوەش دەزانێ کە راپۆرتنووس نیم و جاسووسێتی شتێ نییە بە یەکێکی وەك من بکرێ •ئەمە دەلّێم و دلّیشم دەهێشێ کە شاعیرێکی ناسراو، دەتوانێ تۆمەتی وا قورس، بە سووکی داتاشێ و وەپاڵ خەلّکی بدات • ئەوەش دەزانم و خوینەریش لە من چاکتر دەزانێ و لە حەمە سەعیدیش پەنهان نییە کە نووسینەکەی خۆی نە خەباتە و نە رەخنەیە و نە چ فیکرێکیشی تێدایە • ئەو کۆپلەیەش،کە گشت گیانی هەلّەیە و بە ئیفلیجی داڕێژراوە نەبوونی لە بوونی چاکترە •لە بەر ئەوە، من پیشنیارێکی دی دەخەمە بەر دەستی ماموستا حەمە سەعید حەسەنی شاعیر و (مفکر ) :

وەرە بە دەم و دەروون و قەلّەم و دەستی خاوێنەوە مەیدانی ململانێیفیکری بگرە ا •وەرە بە دەروونی ساغ و چاوی کراوەوە دەردەکوشندەکانی میللەتە دەس بڕاوە قڕکراوەکەی خۆت بخەرە رووا • وەرە هۆی گەشەکردنی (ببوورە شکستی ) بیری کوردستانی و نەتەوەیی دەرخە ا • وەرە هۆی شکستی (ببوورە گەشەکر- دنی )کۆمونیزم باس بکە ا • وەرە باوەڕەکەت -ئەگەر بێ عەیبە - پیشان بدەا • تۆ چیت و چیت دەوێ و چ (بەدیل )ێکت هەیە ؟ا • بەلاّم نا ا •وەك چۆن هێندێ لایەن ( خێلّەکییانە دوژمنایەتی خێلّەکییان دەکرد )، تۆش بە قەدەر دەروێشێکی تەریقەت،حیزبیت لە دژایەتیکردنی حیزبایەتیدا • بە خۆت حیزبییەکی بێ پەیڕەو و ڕێباز و ئامانجی ا تۆ حیزبییەکی بێ حیزبیتا ••• دەروێشێکی بێ شیخ و تەرقەتیت • (خوا پەرستی بێ خوای )ا •

وەرە هۆی ئیسککگرانی مکیاڤیللی بخەرە روو کە کردووتە بە وێردی سەر زارت وتیغی دەست و جنێوی بازاڕی • وەرە بلّێ : هۆ نەتەوەییە بەرچاوتەنگەکانا

وریای خۆتان نەبن، دوای رزگارکردنی کوردستانە خەیاڵییەکەتان، بە دووری نابینم مل بە هەڵەتی رەگەزپەرستانەوە بنێن ا٠ وەرە هۆی(گەشەکردن و برەو سەندنی شۆڤینییەتی عارەب، لە دوو وڵاتدا کە هەردوکیان پارچەی وڵاتی کوردیان داگیر کردووە)بخەرە روو ا٠ وەرە (منطق ) بکەرە کەرەسەی دەستت نەك جنێو٠ ئەگەر ئەوانەت پێ ناکرێ ، شیعری بێ جنێوی ناسك بنووسە !

تۆیەك کە (نە )ت لە (شت )ەکەی هەڵوێستدا ، بە بەرچاوی ئەم عالەمەوە وەلا نا کە لە بەر دەستی من و خۆت و خوێنەردایە، تۆیەك رستەی گوتارێکی مامۆستای کورد بگۆری کە هێشتا هەلاوی لێ هەڵدەستێت، تۆیەك کە پرسیاری (بۆ رەخنە ناگری و بۆ دەیگری ) ئاراستەی خەلك بکەیت، تۆیەك کە خۆت وەك من دەرگای بەربانگت کوتاوە و ئەوەی من باس دەکەی کە خۆم بە نوسین نووسیومە و ئەوی خۆت لیفەپۆش دەکەیت، تۆیەك لە شێخ رەزا نەترساویت و دەستت بو ماڵەکەی بردووە و من بە دەستپیس ناو دەبەیت، تۆیەك کەبتوانی ئازار و خەم و دەرد و برسێتی خەڵك بکەیتە مایەی لۆتێتی وخۆش کردنی مەجلیسی سەرخۆشی و بێ هۆشی، تۆیەك کە چەکی (منطق )ت نەك هەر کولە بەڵکو لە بنی نیتە و خەڵکی دەعواتی شەرە تێلا دەکەیت، تۆیەك رەنگی بەرگی کتێبەکەی خۆت نەبینی ، تۆیەك قاوەگێڕانی پرسەی بنەماڵەیەك بە عەیبە بزانیت و شەرمیش نەکەی لە پرسەی میللەتێکدا مەی بگێڕی(١٠)،تۆیەککە ئەوانەت پێ کرابێ دەبێ چەند (نە )ت دەرخواردی پشەکە دابێ و چەندئەگینا و (کفرە )ت بۆ روداوی ساڵەهای ساڵ لەمەو بەری تۆمار نەکراو و نەنووسراو ، زیاد کردبێ و چەند جزم رستەت بو رێك خستبێ و هەڵبەستبێ ؟ا ٠تۆیەك کە ئەوانەت پێ بکرێ، دەبوو ناوی گوتارەکەشت ( باسی شەمشەمەتاو بۆ خۆر ناکەم )بوایە تۆیەك ئەوانەت پێ بکرێ، شاعیریت ؟ا ئەدیبیت ؟ا دەزانی بەری ململانێی فیکری بە کوێوەیە ؟ا ٠ هەرچی دەکەیت نەدەبو خوت لە ملەی فیکر بدەیت چونکە فکر، بەر لە هەر شتێ ،کەرەسەی (منطق )ی دەوێ ٠ململانێی فیکری، شەرە تێلا و شەڕەمشت و توپێن نییە کە ئەنجامیان سەرکەوتن و بردنەوە و یەکەمایەتی و (کاس )ە و بەوانە دەپێورێن و دەکێشرێن ٠ململانێی فیکری، بۆ دەرخستنی حەقیقەت دەکرێ کە دوور نییە لە یەکێ یا لە هەردوو

ملەکەرەکان شاراوە بێت و لە ئەنجامی ململانێدا بۆ یەکێکیان یا هەردوکیان خۆی دەرخا یا هەر نەبێ، چمکێکی دەرکەوێ ٠

حەمە سەعید حەسەن، بڕیاری بردنەوە و یەکەمایەتی داوە و دەبێ (کاس)ی ئەو شەڕەتێڵایە وەرگرێ ٠ (غایە)ی بردنەوەیە، (کاس)ە ٠بە پاشقول و گـــاز و چڕنۆکیش بێ، بە داناشین و هەڵبەستن و گۆڕین و جنێودانیش بێ کە کەرەسە و (وەسیلە)ی ئەوون ، دەبێ براوە بێ و دەبڵ بخوات ٠٠٠مکیاڤیللیـــش لـــە شەللاتییەکان بە شەللاتیتر دەزانێ ٠

## ئەنجام

نایشارمەوە، کە یەکەم جار گوتارەکەی حەمەسەعیدم خوێندەوە،بە خۆم نەبوو، چینێ عارەقەم دەردا ٠ ئاخر ئەوە یەکەم جار بوو بابەتی وا بخوێنمەوە و یـــەکـەم جاریشە ئەو هەموو جنێوە شەخسییەم پێ دەدرێ ٠ دوایی،خەم داێگرتم :ئــــەوە بەرهەمی کەسێکە کە خۆی بە ئەدیب و (مفکر) دەزانێ و وەك شاعیرێکیش ناو و ناوبانگی دەرچووە !! ٠ئەوە زمانی کەسێکە کە منداڵی کاڵێ پەروەردە کردوە!! ٠

هێندەی بە جنێوەکان قەڵس بووم، هێندە و بگرە پیچێ زیاتریش ،بەوە بـێ تاقەت بووم کە ناوی (ململانێی فیکری ) لە بەرهەمەکەی ناوە ٠ لەوەش زیاتر بەوە وەڕس بووم کە ناوی مکیاڤیللی وەك شەللاتی بردووە و بەخۆشی دوو جاران مکیاڤیللییەتی خۆی سەپاندووە ٠ لەمەشیان ناهەموارتر ئەو نەرگزییە دزێوەیەو ئەو خۆهەڵکیشانە ناشرینەیەتی،و دوایش، بێ باکانە لە بوێری و ئازایەتی و بێ منەتی دواوە ٠

نەمزانی حەمە سەعید چۆن لە ململانێی فیکری گەیشتووە و بە چی زانیوە ٠ دەبێ گۆڕین و لابردنی بە ململانێی زانستانە و فیکری نەزانیبێ ؟! ئەگـــەر شێوە و شێوازی ئەو گوتارە بە ململانێی فیکری دانرێن،شای (مفکر)ان،تاجی سەری زانایان دەبێ ئەو جامبازانە بن کە گا دەکەنە گیسکەگەڕێك و گامیـــش دەکەنە مێش ٠

کاتێ یۆنانییەکانی سەردەمی فیثاگۆرس و دوای ئەو، لە تیۆرییە بەناوبانگە هەندەسییەکەی رامان و تێی گەیشتن و لاریان لێ نەبوو، دوو دەستەیان لـێ

پەیدا بوون کە یەکێکیا ن، فیتاگورست بوون و دەیانویست ئەو تیۆرییە بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنن و دادی کۆمەلایەتی پێ جێبەجێ بکەن ٠دەستەکەی دیپێیا ن قووت نەدەچوو مرۆ بە راستەی فیتاگۆرس بپێورێ ٠ئەمانە، ململانێی فیکرییا ن لە نێواندا بوو و وێ ناچێ لۆژیکیا ن لەو تیۆرییە ، بۆ سەرکەوتنی بۆچوونی خۆیا ن خەساندبێ و مراندبێ یا پارچەی نالۆژیکییا ن پێوە نابێ ٠ئەوانە بەراست و دروستی دەمەتەقییا ن ،زانستانە و بەجێ بووە ٠

کاتێ زاناکان پەیوەندی نێوان ئەستێرەکان، لە رێی تیۆرییەکانی گالیلۆوە حاڵی بوون، دیسان مقۆمقۆی بەکارخستنی پەیوەندی ئەستێرەیا ن هاتە کەللە و ویستیا ن بنیادەمی ئیتالیاش بەوکێش و تەرازووە بپێون و ململانێی فیکری هاتە کایەوە ٠باس، باسی بە راست یا بە درۆ دەرچوونی تیۆرییەکانی گالیلۆ نەبوو چونکە لەوە ببوونەوە و خەڵکی (ناشی )ش باسی لێوە نەدەکرد ٠مەسەلە گونجان و نەگونجانی تیۆرییەکا ن بوو بە سەر مرۆڤی هەستیاردا٠

ئەوانیش، وەك مارکسیستەکا ن،ململانێی زانستانەیا ن دەکرد و باسی تیۆری زانستانەیا ن دەکرد و ئەوانیش و گەلێ زانا و موفەکیری دی، بە هەموویا ن، سیزیفی رەنجبەخەساری ئەو رێیە بوون، واش پێ ناچێ حەمە سەعید دواکەسی ئەو گابەردە بێ ٠

ئەوەی لەو بلیمەتانە شاراوە بووە ئەوەیە کە مرۆ ، بە سەنگ و تەرازووی هیچ موختەبەرێك ناکێشرێ، مرۆ بە راستەی فیتاگۆرس و وزەی ماگنەتیك و کێشی زەوی نابەستریتەوە، مرۆ بەردی بەربەستی ئاو نییە تا بەر (کَم و نَـوع ) ی زانست بکەوێ ٠ مرۆ ، مایە و سەرمایە و دەسمایە نییە (ئەگەر لە حاڵەتی کۆیلەیەتیدا نەبێ ) تا بە نرخترین سەرمایە بێ ٠

زانستی تەتبیقی گەلێ لەوە کۆڵەوارترە رێی بکەوێ و مرۆ بپێوێ ٠بۆیە بە زەقی دیارە ئەوانەی لەو سەرچاوە وە دەڕواننە مرۆ و هەر لەو دیدەوە بەدی دەکەن، ئەنجامیا ن هەر ئەوە بووە گابەردەکەی سیزیفیا ن لە دەست بترازێ و بەرەودواوە گلۆر بێتەوە بۆچوونەکە تەنها بووە بە هۆی هەنگاونانی بەرەو دواوە ٠ وەرە دینداڕێکی نیمچە شارەزای قورعان، لە گەڵ ماتریالیستێکی نیمچە شارەزادا دانێ و دەمەتەقێ بکەن، ئەم بە بەرد و ئەو بە ئایەت بەر

دەبنە گیانی یەك ‎•‎وەك ئەو مەیموونەیان لێ دێ کە فێرە ئاگرکوژانەوە کرابوو.
لە دەم دەریـا ، ئاگریان پێ دەکوژاندەوە، کەچی دەچوو دوو سەد مەتر لەولاوە لەو بەرمیلە ئاوی دێنا و ئاگری دەم دەریای پێ دەکوژاندەوە کە یەکەم جار پێی فێر کرابوو•

باوەڕ ناکەم کەس هەبێ لاری لە (کَم و نَوع) هەبێ، بەڵام بکرێ بە کێشانەی مرۆ، هیچی لە قسەی پیرەژنە کوردێ زیاتر نابێ کە دەڵێ :جام پڕ بێ لێی دەڕژێ• مرۆ بەر لەوەی بەردی بەربەستی ئاو بێ، هەست و حەز و غەریزەیە•

ئەو بابەتە باسە و ململانێکردن لە سەر یان بۆ سەرچاوەی فیکری مرۆ دەگەڕێتەوە •بەلام چەپڵەکوتان بۆ فڕۆکەی بالْ سووری سۆڤیەتی کە گوندی کورد وێران بکات و منداڵی کورد لەتوپەت بکات، خۆزگەی بە قسەی لۆتی و لەقەی قاتر و جنێوی شایەر ا• فڕۆکە، هی هەر وڵات و لایەنێك بێ کە زیانی بە میللەتێکی ژێردەستەی چەوساوەی وڵاتێکی داگیرکراو گەیاند، بەد و گڵاوە• فڕۆکەوانەکەشی، کومونیست بێ یا موسوڵمان یا بەعسی، عارەب بێ یا عەجەم، پەروەردەی دەستی بابێکی کرێکار بێ یا بۆرژوا، یەك گەماڵی گڵاوە، چەپەڵ و نامەردە• ئەوە بۆچوونی منە و ڕۆژێ نەبووە وام بیر نەکردبێتەوە•

ململانێی فیکری، لە سەرەتاوە و هەنگاو بە هەنگاو دەبێ لە گەڵ لۆژیکدا جووت و هاوتەریب بڕوا •**لۆژیك بەشە پێکهینەرەکانی تیۆری پێکەوە گرێ دەدا و دەرگای دەربازبوون دیاری دەکات و ئەنجام بە دەستەوە دەدات** •لە هەر هەنگاوێکیشدا لێی لا ذرێ یا وەلانرێ و بۆی زیاد کرێ، لە فیکر و زانست دەکەوێ •دەبێ بە جادوو، دەبێ بە فێڵ و دزی و گزی و جامبازی•

جارێکیان خوێندکارێك، ئەم (هاوکێش و حەل ا)ەی بۆ ماموستاکە نووسی :

٢ = ٢

٢_٢ = ٢_٢

(٢_٢) ٢ = (٢_٢) ٢

٤_٤ = (٢_٢) ٢

(٢+٢) (٢_٢) = (٢_٢) ٢

٤ = ٢

کەوابی

یەکیش لە هەردوو لای هاوکێشەکە دەرکرێ، ١ = ٣

بەو پێیەش گشت ژمارەکان یەکن•

مامۆستاکەش بزەیەکی کرد و گوتی : ئەو هاوکێشەیە یاخییە • لە لۆژیك و لە یاسای ماتماتیك لای داوە بویە ئەنجامەکەی وا جوانە !! •

حەمە سەعیدیش، هاوکێشەی یاخی داناوە •هەزار جار بنووسێ ( حەکیمی برای حیکمەت وەك حاکمی حوکمەت بێ مەحکەمە حوکمی دام ) و بە (٧٤) پەلە جنێویش پەلەی ٤٧ی خۆی پێ لا ناچێ •لا ناچێ چونکە لۆژیك ئەو ناتۆرانە لە ریزی خۆیان قبوول ناکەن تا بەشی پێکهێنەری تیۆری بن •لا ناچێت چونکە ئەنجامی لۆژیکانە بە جنێو،خۆی بە دەستەوە نادات و بە هەزار ئەوەندی دی کاری راپۆرتە بە دزییەوە نووسراوەکانی حەمە سەعید ناکەن هەرچەندە ئەو راپۆرتانەش، هەر وا بە عاستەم نوزەی لۆژیکیان تێدایە •ئەو خوێندکارەش،بە هەزار (درۆکێشە )ی لەو بابەتە و لۆژیك‌کوشتن، تیغی تیژی بزەی مامۆستاکە کول ناکات •

ئەگەر ناووم (حەکیم) نەبوایە، ئەو (مشتقات )ەش بۆ ناوەکەم نەدەگونجان • ئەوانە، نە پەیوەندییان بە باسەکەوە هەیە نە بە ململانێی فکرییەوە •هەر رێك ناماقوولی خوێندکارەکەیە و هیچی دی •ئەگەر ناووم، بۆ نموونە، سەعید بوایە، (مشتقات )ەکەش دەگۆڕا و دەبوو بە مەسعو و سەعد و سعود و ئەسعەد و عید و شتی لەو بابەتانە • ئەوەیە ململانێی فیکری ؟! •

تا ئێستاش لە یەك تاکە نووسینی حەمە سەعیددا باسی فکرم نەدیتووە •فکر، لە لای ئەو بڕیاردانە وقەناعەتی شەمشەمانەیە •لای ئەو ،نەتەوەیی کورد فاشی و نازییە و بڕایەوە ! •بۆ؟! • • •لە بەر چی ؟! • بۆیە و ئەهـ ! (١١) •

بوئەوەی دوو دیاردە پێك بگرین و پێکیان بچوێنین و لێکیان جوداکەینەوە ، دەبێ لایەنە پێکهێنەرەکانیان بناسین و سیفات و سروشتیان شارەزا بین •من گومانم هەیە حەمە سەعید بزانێ فاشی چییە و نەتەوەیی بەری بە کوێوەیە •من دەڵێم :نەتەوەیی کورد بە فاشی ناچێ و خزمیشی نییە •بو ئەمە بەڵگەم هەیە :

فاشییەت، لە ئیتالیادا خەملی کە کیانی سەربەخۆی خۆی هەبوو و هەڕەشەی لە ناوچوون و تواندنەوەی لە بەردەمدا نەبوو •هەستی خۆ بە زل زانین و بایی بوون و یادی سەروەری و دەسەڵاتی دێرینیان ،ئەو تۆوەیان خست و فاشیزمی وەبەرهەم هێنا •دروشمەکەیان کە تەوری ناو لیژنە چیلکە بوو، نیشانەی نازی

زەمانی ئیمپراتۆرییەتی خۆیان ، و دز و جەردە دەریاییەکانی سقەلییە بوو کە وەك رۆبنهوودی ئینگلستانی زەمانی ریچارد و (صعلوك )ەعارەبەکانی پێش ئیسلام، دزییان دەکرد و بە سەر هەژاراندا دەیانبەشییەوە ٠ئیتالیاییەکان ،کە تەماشای رەگی قووڵی خۆیان کرد و زانییان وەك فەرەنسایی و ئینگلیز، پشکی میراتی تورکە عوسمانییەکانیان پی نەبرا، گیانیان بزوا ٠کۆنە کۆمۆنیستی هار و هاج (مۆسۆلونی ) رۆڵی دیاری هەبوو لە فاشیزمدا ٠

فاشییەکان، دوو دیاردەیان زۆر پیوە زەق و دزێو دیار بوو :

١ـ دوژمنایەتی کردنی بێ پەروای کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان ٠

٢ـ تواندنەوەی میللەت و دەوڵەت لە حیزبەکەیاندا و تواندنەوەی حیزبەکەش لە کەسایەتی سەرکردەکەیاندا و کردنی بە تاکی بێ تاك ٠

نەتەوەیی کورد،بەر لەوەی بیر لە هەر شتێ بکاتەوە، بیر لە رزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکەی خۆی دەکاتەوە ٠ئەوپەڕی پەیامی لە پێکهێنانیدەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا، خۆی دەنوێنێ و لە سەر بناغەیماڵوێرانی خولقاوە نەك لە سەر ریشاڵی رابوردووی،دەیەوێ ملی خۆی لە تیغی داگیرکەر دەرباز کات و هەڕەشەی مل پەڕاندنی لە کەس نەکردووە ٠دەیەوێ ئازاد بێ نەك مافی ئازادی لە میللەتان بسێنێ ٠نەتەوەیی کورد، سەرکردە و حیزب دەکاتە بەردە بازی ریێی سەربەرزی میللەتەکەی(٢)٠هێندەی پەیوەندی کەسان و لایەنی نەتەوەیی لە گەڵ کومونیستەکاندا خۆش بووە و خۆشە،مارکسستەکان وا نەبوون ٠تا نەتەویی کورد چەمۆڵەیەکی لە کۆمۆنیستێ ناوە، مارکسستی ناکومونیست راکێتی پیێوە ناوون ٠ ئیدی کام سیفەتی نەتەوەیی بە هی فاشی دەچێ ٠ئەگەر مەسەلە ئەوەش بێ کە لایەنی نەتەوەیی رەشورووتی بە دەورەوەیە و حەمە سەعید ناوی (گەجەر و گوجەر )ی لێ ناوون و فاشییەکانیش، کرێکار و بێ کار و هەژار رسکاندیان و بازاڕیان گەرم کرد، کۆمۆنیزمیش هەر لە سەر ئەو (قیل )ە هەڵچندراوە ٠ ئیدی ئەو دووە کوێ و چییان پێك دەچن ؟!٠

نازییەکانیش کە ناوی راستییان (حیزبی ناسیۆنالیستی کرێکارانی ئەڵمانە )، هەر لە سەر بنجی فاشییەکان رواوون ٠ئەمانە، لە سەر دوو دارشەقی دی بە پیوە بوون : ١ـ هێشتنەوەی رەگەزی خۆیان بە پاکژی، ٢ـ فەوتانی جوو و ئاینی

مووسایی ٠جگە لەو دووە، ویستی کەڵەگاییشیان بە سەر دنیادا هەبوو٠ ئەمانیش وەك فاشییەکان، جەماوەری رەش و رووت وکرێکاریان لێ گرد ببوونەوە و ناوی کرێکارانەشیان لە خۆ نابوو٠

نەتەوەیی کورد وان ؟! ٠نەتەوەیی، باسی مانەوە و نەتواندنەوە دەکەن نەك زاڵ کردنی رەگەز ٠نایانەوێ هیچ میللەتێ قڕ کەن بەڵکو دەیانەوێ قڕ نەکرێن، تا ٠٠٠ نەتەوەیی کورد نە فاشییە نە نازی ٠مەسەلەی بە بەعس چوونیشی بۆ تێ‌رامانی مامۆستا حەمە سەعید لێ دەگەرێم ٠خۆ ئەگەر رووە لێك چووەکانی‌پێ نەدۆزرێتەوە و لە رای خوایەکەی خۆیدا بڵێ : ئیللا و بیللا یەك شتن، منیش داوای بەخشین لە خوێنەر دەکەم کە سەریم هیشان و بە حەمە سەعیدیش‌دەڵێم : مەسەلەکە (بشفرێ هەر بزنە) نییە ماموستا ا٠

بەزم لەوەدایە کە حەمەسەعید، ململانێیە زۆر فیکرییەکەی خۆی‌بەململانێی چینایەتییەوە گرێ داوە٠ دەبێ چۆن لەمەیان حاڵی بووبێ ا٠

دەڵێن پرۆلیتار ئەو بەشەرەیە کە وزەی بازووی خۆی بە سەرمایەداردەفرۆشێ و بازووی سەرمایەدار ئەستوورتر دەکا و خەرمانی سەرمایەکەی زیاد دەکا وکۆشك و تەلاریان بەرز دەکاتەوە و لە ئەنجامیشدا زگیان زل دەکا ٠بەمەش، سەرمایە-دار ، بە شۆرش ئاوس دەبێ و ئیدی دەستەو ئەژنۆ دادەنیشێ و چاوەروانی وەخت و سەعاتی خۆی دەبێ تا (شۆرشەپرۆلیتار )یکی ببێ ٠دەك بەرەکەت کات اا٠

تو چەند بتوانی هێزی بازووت هەرزانفرۆش کەیت، ئەوەندەش خزمەتی‌کارگە دەکەیت و ئەوەندەش کرێکاری تۆخیت ٠چەند هێزی بازووت بۆ سەرمایەدار، بە هەرزان وتالان بە خەرج بدرێ ئەوەندەش بەهێزی دەکەی ٠تا ٠٠٠ رەنگە ئەمەیان وا نەبێ چونکە دەڵێن : زۆر بوونی سەرمایە دەبێتە هۆی زۆربوونی بەرهەم٠بۆ ئەوەش، ناچارانە ژمارەی کرێکار زۆرترەکرێ کە ئەمەش راستەوخۆ لە لایەکەوە هێندەی دی بەرهەم زیاد دەکات و لە لایەکی تریشەوە هێز و وزەی گیانی بەرگری و ململانێی چینایەتی پەرە پێ دەدا و هاکە زانیت قەوما اا٠ وا نییە ؟! ٠ ئەم بۆچوونە، لە رواڵەتدا بە راست دەچێ ٠بەلام بە کەمێ لێ ورد - بوونەوە، دەبێتە لفانەی هاوکێشەکەی ئەو خوێندکارە کە باسمان کرد٠ ئەو بۆچوونە دەشێ راست بێ ئەگەر ئامێری کار هەر بێڵ و چەکوش و کوورەیەکی

بچکۆلانەی جاران بێ ٠بەلام پیشەسازی پەرەی بە کەرەسەی بەرهەمهینان دا ٠ ئامێری ئاسن، لە بری بنیادەمی بە هەست و هۆش و گۆش دروست کـــران و کەوتنە مەیدانی کارەوە ٠لەبری ئەوەی ژمارەی کرێکار بە گەشەکردنی پیشەسازی زیاد بکا، کەمی کرد ٠لە بری ئەوەی لەشکری کرێکاران روو بکەنە کارگەکان و مەترسی پێك بهێنن، پشتیان تێ کرد و رویـان کردە جیێ دی ٠ شۆفـڵ و گەڵلابە و دۆزەر و سلینگ و تۆربین و هایدرۆلیك، کارێکیان بە کرێکار کـرد سەرمایەدار پێی نەکردبن ٠خاوەنی کارگە و سەرمایە گێل نین تا چاوەڕوانـــی زاینی خۆیان بکەن ٠نقابە داکەوت، کار و پیشەی نوێ پەیدا بوون،خوێنـــدن و فێربوون پەرەیان سەند و لە ئەنجامیشدا، واقعی چینایەتی گۆڕانی بە سەردا هات ٠مرۆ ، بە گشتی پێش کەوت و ئەو بنەچانەش گۆڕانیان بە سەردا هات ٠

هەر وا کەمێ با لە باری کۆمەلایەتی جوتیارانی ولاتەکەی خۆمان رامێنین ٠با کوشتوبڕ، تاوێ لە بیر بەرینەوە ـکە بیریش ناچێتەوە ٠ سیی سالێك لەمەوبەر، خێزانێکی جوتیاری کورد، بە یەك یا دوو مانگ، تۆ و شۆویان لە مل دەکردەوەو بە دیار زەوییەکەیانەوە دادەنیشتن و وەنەوزیان دەدا ٠دوایی، شین دەبوو و فەریکی دەکرد ٠ئەمانیش، بە رۆژێ بژاریان دەکرد و لە سواڵەدڕە و درکـوداڵ و زەردەسیری پاکیان دەکردەوە و دیسان دادەنیشتنەوە و چاوەڕوانـــی وەرزی دروێنەیان دەکرد ٠ئەوسا، بە یەك دوو مانگ، دروێنە و کێشە و گێرەشیان لە بن دەهێنا و دیسان پاڵیان لێ دەدایەوە ٠لەپڕ، تراکتۆر و کۆمپا ، وەك ئاگر پەیـدا بوون ٠جووتیان بە جووتێ سەعات تەواو دەکرد و دروێنە و گێرەش هەر وەسـا ٠ جووتکار، روویان لە شار کرد ٠ بوون بە دوکاندار، کرێکار، قۆنتەراتچی،فەڕاش و پیشمەرگە یا جاش ٠خانەی چینایەتییان گۆڕا و بەرژەوەندییان گۆڕا ٠بیرکرد-نەوەشیان گۆڕا ٠لە ئەنجامیشدا (بە پێی بوچوونی حەمە سەعید) ململانێـــی فیکریشیان سەرمەقولاتی دا ٠وا دەبێ ؟! ٠ئەگەر ململانێی فیکری بـــەر حوکمی خانەی چینایەتی و بەرژەوەندی بکەوی، دەبێ هەر رۆژە و لە ئاشێ لێ بکرێ ٠

کە هەموو شتێ لە گۆران و پێشکەوتندا بێ، دەبێ خەڵکیش، پێ بە پێی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنە بڕوا ٠بەلام فکر، بنەچەی نەگۆڕی هەیە و تەنها پیشکەوتن و گەشەکردنی لە سەرە ٠

کرێکاریش بە دەست گەڵلابە و شۆفڵ وئامێری تری پیشەسازییەوە بە دەردی جوتیاران چوون و خانەیان گۆڕا ٠ململانێی چینایەتیشیان وەك خۆیان گۆڕاو ململانێی فیکریشیان دەبێ گۆڕابێ و لە فیکر لای دابێ ٠

لێمی بە ناشرین مەگرن ئەگەر باسێکی خۆم بکەم کە هەزارانی وەك منیش هەن :کوڕی لادێم و ڕەنجی لادێ و شارم کێشاوە ٠بە دەم خوێندنەوە کرێکاری و جوتیاری و پالەیی و (قاچاخچێتی ! )یشم کردووە ٠لە پڕێکدا، پێیان گوتم شادەت وەر گرت ! ٠بە پالێکی ئەو شادەیە، لە ڕیزی زەحمەتکێشان وەدەرنرام و لە ناو بورژوای ورد ورد ،وەك پەنابەر خۆم دیتەوە ٠چی دی هێزی بازووم پێ نەفرۆشرا و جیێی ڕەحەت وکاری سەرم پێ سپێردرا ٠ بۆ ئەوەی ڕیزی پیرۆز و پاکژی ڕەنجدەران بەرنەدەم، بۆ ئەوەی لە ناو بۆرژوایاندا گەلاو نەبم دەبوو چی بکەم ؟! ٠شادەم نەوێ یا کارەکەم ؟! ٠ وام بکردبا دژی پێشکەوتن نەدەبووم و بە پێشکەوتنخواز ناووم دەبرا ؟! ٠یا دەبێ مەسەلە شادە و مادە وکار و مار نەبێ و بڕوا و قەناعەت بێ ! ٠ئەگەر واش بێ، دکتۆری ماتریالیست کە باسکی ڕەنجدەری هەشبەسەر لە بنەوەڕا دەبڕن ، لە بەر ئەوە پێشکەوتنخوازن کە باوەڕیان بەو دسبڕینە نییە !! ٠بەمە دکتۆری بە کردار و پیشە بۆرژوا و بە بیر و هوش کرێکار، دوو جاران ساختەچییە و دوو جاران قۆڵبڕە ٠

باوەر ناکەم چینی نەگۆڕی هاوجسن (منسجم) لە کۆمەڵدا،بە بەردەوامی هەبێ و بە بەردەوامی لە گۆڕاندا نەبێ ٠بە دووریشی نازانم، چینی کرێکاران لە مەودایەکی دوور یا نزیکدا، ببێ بە چینی ڕۆبۆت کە نە نارەزایی دەردەبڕێ نە (زەمان )ی دەوێ و نە داوای کەمکردنەوەی سەعاتی کار دەکات و نە سەرمایەدار ئاوس دەکات ٠ئەو خەڵکەش کە دەکەونە ژێر پێچکەی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستەوە، کێشەی تریان دێنەڕێ ٠ ڕەنگە کێشەی بێ نانییان نەبێ هێندەی کێشەی تێرییان دەبێ ٠ڕەنگە گەورەترین کیشەیان ئەوەبێ : چۆن کاتی خۆیان بکوژن !! ٠بە هەر حاڵ، ئەو تیۆرییانەی کە بەهەشتی (مەهدی ) ماتریالیستیان هەڵدەچنی، لە کێشمەکێشێکدا کە لە گەڵ واقیعدا کردیان ، دۆڕاندیان و لە یەك جیێی دنیا نەهاتە دی ٠ بەلام سیزیفی حوکم دراو نابێ کۆڵ بدات ٠

با بێینە سەر سەروپێتەلاکی نیکۆلۆ مکیاڤیللی و حاڵیبوونی حەمەسەعید

حەسەن لە بۆچوونی ئەو زانایە ٠ئەوەندەی بۆم لوابێ و پێم کرابێ،حەزم کردوە (میر )ی مکیاڤیللی تێ بگەم : بە پێی بوچوونی زانا و شارەزایان، مکیاڤیللی یەکەم کەس بووە کە سیاسەتی کردووە بە زانست ٠ منیش وای لێ حاڵیم : بیری مکیاڤیللی، تیغێکی تیژە، ئەگەر بە دەستی چەقۆکێش و پیاوکوژ و سەرسەری و نامەردەوەبێ، ئامێرێکی خوێناوی دزێو و گلاوە ٠ئەگەر بە دەستی شوانەوێڵەی دەشتودەریشەوە بێ و قەفەقامیشی پێ بکاتە بلوێر، ئامێرێکی جوان و بەسوود و پیرۆزە ٠لە بەر ئەوە ، پێم وا نییە ڕەوا بێ لە هەموو حاڵەتێکدا، بە یەك چاو سەیر بکرێ و بە یەك پێوانە بپێورێ ٠چەقۆکە، (وەسیلە )ی دەستی پیاو - کوژەکە و شوانەکەیە بەلام بۆ دوو (غایە ) زۆر جودا لە کاردایە ٠

بۆچوونی مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵام گەلێ پێ ڕەوان و (لۆژیك )دار و ڕاستە کە لە پێشەکی (الحرب الکردیە و انشقاق١٩٦٤)دا گومان دەکا هیچ سەرکەوتوویەکی گەورە و گچکەی مێژوو ،لە ناتۆرەیمکیاڤیللییەت بخەلەسێ ئەگەر مکیاڤیللییەت ناتۆرە بێ ٠

لە پاشکۆ و پێشەکی (میر )ی کوردی و عارەبیدا، گەلێ زانیاری بە کەڵك و سوودبەخش تۆمار کراوون کە ڕەنگە بەلای هێندێ کەسەوە، لەو بەرگەدا گڵاو بووبن ٠ پێ دەچێ مکیاڤیللی سوودی لە کۆنفوشیۆس دیبێ، بۆچوونی موسایی هەیە ٠ (فضیلە )کەی مکیاڤیللی بە (سۆپەرمان )ەکەی نیتشە دەچێ،بەشێرە- کەی (ابن المقفع ) دەچێ.

مامۆستا جەرجیس هێندێ گوتەی مووسای هێناوەتەوە ٠دەڵێ ئەو گەرایئەو بیرەی خستووە ٠گاندی، ئەو پیاوە پەپوولەیەی کە جەستەی بە دوا سامانی گیان داناوە، لەو بۆچوونە ناخەلەسێ ٠هێندەی ستالین مکیاڤیللیست بووە،وێ ناچێ نیکۆلۆ بەخۆی وا بووبێ ٠هێندەی لینین پێچاوپێچی کردووە، گیانی نیکۆلۆی سەرسام کردووە ا ٠فایدەی نییە، (غایە ) و (وەسیلە )، بە ژیانی گشت بوونەوەرێکەوە دیارە ٠ گورگ بۆ خواردنی بەرخەکۆرپە،وەسیلەی خۆی هەیە و بەرخ بو خودەربازکردن وەسیلەی خۆی هەیە ٠ئەم کێشەو بەرەیە، لە داستانە کۆنەکانی یۆناندا ، لە کۆنەوە هەیە بەڵام بەر کۆگای فیکریی مامۆستا ناکەون ٠

ئینگلس، وەك فیلەتەن ناوی مکیاڤیلللی هێناوە، مامۆستا کەمال مەزهەر بە سووکی ناوی نەهێناوە ئەگەر بە حورمەتەوە باسی نەکردبێ ٠ئیتالییەکان ،ماڵە کەیان کردووە بە مۆزەخانە و لە پەیکەرەکەیدا، قەدرزانی خۆیان نووسیوە و وا کاك حەمە سەعیدیش، بە شەللاتی ناوی بردووە ٠ ئەگەر ئەو پەیکەرە لە مۆسکۆ بوایە، رای حەمە سەعیدیش جۆرێکی دی دەبوو هەر نەبێ لە دوای پرۆسترۆیکا وە ڕای دەگۆڕا وەك رای بە ستالین گۆرا ٠ خەڵکی واقیع بین، سەیری ستالینی پێش و پاش پرۆسترۆیکا وەك یەك دەکەن ٠پەیکەری مکیاڤیللی لە هەرکوێ بێ، بە لای واقیع بینەوە جیاوازی نییە و هەر حسێبی ئەوەی بۆ دەکرێ چەکی دەستی کێیە ٠

لە گەڵ مامۆستا جەرجیسدا ئەوە دەڵێمەوە گە گوتوویەتی ٠کەسی سەرکەوتوی سیاسی نییە،پێی زانیبێ یا نەزانیبێ، ئەو رێیەی نەگرتبێتە بەر ٠گومان دەکەم، سەددام حسێنی کوردکوژ، بە بێ تیشکی کەسکی ئەمەریکا، قەپی بە قولی خەلیجدا کردبێ کە دوایی ریسواش کرا ٠ گومان دەکەم رۆژهەڵات و رۆژاوا بۆ سەربرین و رووتاندنەوە و رووخاندن و چاککردنەوە، رژێمی سەددامیان پف نەدابێ و قەڵەو نەکردبێ ٠گومان دەکەم، سۆڤیەت و کامپی (دوێنێ سۆسیالیزم و ئەمرۆ وێرانە) و دنیای عارەب، لە بەر رەوشتی بەرزی خۆیان، فززەیان بو هەڵەبجە لێوە نەهاتبێ٠سۆڤیەت، لە بری بێ دەنگی، (پوڵ)ی چنگ کەوت ٠دوایی کە عیراق بوو بە ژێرچەپۆکە، دیسان بێدەنگ بوو چونکە (پوڵ)ی زۆرتری لە ئەمەریکای تا دوێنێ (ئیمپریالیزم ا) وەر گرت ٠ وایە ا ٠ ئەوان تەماشای خۆیان وەك وڵاتێك دەکەن و گێلکەززاب نین ا ٠ئەوەی بە تەمای ئەوان بێ کورد رزگار بکات یا هەر نەبێ چینێکی لە چەوساندنەوە نەجات دات، لەوانە گەلێ گێل ترن کە دەیانگوت : شای ئێران خیانەتی لە کورد کرد ا ٠

بەوە دەچێ جنێوەکانی کاك حەمە سەعید لە سەر خۆم بکەمە ماڵ و مەیلی مکیاڤیللیستانەی خۆم بسەپینم ا ٠ نا ٠٠٠هەر هێندەیە، سەیری چەقۆی دەستی پیاوکژ و شوان، وەك یەك ناکەم ٠تەماشای کەڵبە و هەڵپەی گورگ، وەك بارە و لەقەفرتێی بەرخ ناکەم ٠تفەنگی دەستی کوردی دڵسۆز تفەنگی بەرگریکردنە و فرۆکەی سیخۆ و میراج و هەنتەری دەستی بەعس بۆ کوشتن و قڕ کردنە ٠

گاندی پێی وایە زەبروزەنگ، وەسیلەی خۆ دەرباز کرنە لە ترس ٠تاوانەکانی بەعسی فاشیمەزەب ، ئەوە دەسەلمێنێ ٠زەبروزەنگی میللەتی ژێردەستە و چەوساوە، ترسی لەناوچوون و تواندنەوەی پێوە دیارە ٠ئەی زەبروزەنگی قەڵەم، لای حەمە سەعید دەبێ بە چ هۆیەکەوە بێ ؟! ٠پێم وایە ترسی ئاشکرابوونی رادەی لەکارزانییەتی ! ٠

هیوادارم بەو گوتانم توانیبێتم کاك حەمە سەعید ، بەرەو گۆڕەپانی ململانێی فیکری پەلەکیش کەم و لە کۆڵانێی وەدەرنێم ٠

پێش ئەوەی بیبڕمەوە و چی دی سەری خوێنەر نەهێنمە ژان، با رای ئاشکرا و رەق و زەقی خۆم ، بە پێکچواندنی هەڵەبجە و غەززەکەی ماموستا دەربڕم :

غەززە، شارێکی عارەبە فەلەستینییەکانە و (١٥٠) ملیۆن پتر، خۆیان بە خاوەنی دەزانن و چ پێویستی بە نیفاقی کەس نییە ٠فەلەستینییە عەرەفاتییە حوشترییەکان، دەستی چەپەڵیان بە خوێنی کورد سوورە ٠٠٠نەك بۆ (کارەسات های ) هەڵەبجە و هەموو کوردستان بێ دەنگ بوون و بەس، بە ئاشکرا و بە دزی پشتی کوردکوژەکانی بەغدایان گرتووە و بەوەشەوە نەوێستاوون بە خۆشیان جەللادی گیانی کورد بوون ٠ئەوان وا بوون و ئێمەش، هەمانە وا خۆی سووك کردووە، مەسەلەی خۆی بیر چۆتەوە و بۆ ئەوان بابەڕۆیەتی ٠دەبا ئەوانیش جار و بارێ بستۆکەیەکی کوردستان بە ژێر پێی خۆیان بچوێنن کە لە سەریان پیرۆزترە ! ٠ نابێ ؟! ٠ دەبێ هەر ئێمە خۆ سووك کەین و میللەتێکیش بە خومانەوە سووك کەین ؟! ٠ رەنگە هەڵەبجە بە سەردەشت بچێ، رەنگە وەك قامیشلی خەمبار بێ، لەوانەیە مەچەکی وەك مەچەکی دیاربەکر، ژەنگی زنجیر رزاندبێتی و چەوساندنەوە و داگیرکردن خەماوی و تەماوی کردبێ ٠ رەنگە چەکی قڕ کردن، لە ریزی هیرۆشیمای یابانیدا دانێ ٠ وەکی دی، هەڵەبجە بە هیچ کوێ ناچێ و هیچ کوێی پێ ناچێ ٠٠٠هەڵەبجە، هەڵەبجەیە و بەس ! ٠ لە بەر ئەوە، هەڵەبجەی من، هەڵەبجەی حەمە سەعیدیش نییە ! ٠

حەمە سەعید، بە حوکمی پیشەکەی پێشای، کەمێ ماموستایانە دواوە :حەکیم تێ بگە ! پیرەمێرد مەبەستی لە سەرم بەفرە ئەوەیە سەری سپییە، واتە قژی سپییە ! ٠ بەڵێ ماموستا تێگەیشتم، بەڵام پیرەمێرد، بەفری هندرێن و سەری

غەرەڤاتی نەگوتووە،ئەو سەری خۆی و بەفری خۆی گوتووە ·هەڵەبجەش ، نە غەززەی خەمناکە و نە غەززەی بە (تلی لی لی )و تیاترۆیە ·منیش ، نەك قاچاخچی ، لگاوچیش بم، دەستم پاکە و دڵم چاکە···چاکەتم دەوێ نەك چاکەت ! (١٢) ·

---

پەراوێز

---

١- گوتم گۆڤارەکەی خۆی چونکە ئەگەر دەستەی نووسەران دەستیان هەبوایەو تەنها خەرمانەی دەوری حەمە سەعید نەبوونایە ، باوەڕ ناکەم ئەو گوتارەیان، لە سەر گۆڤارەکە پێ بکرابایەتە ماڵ ·

که لە نووسینی ئەم گوتارە بوومەوە و خەریکی پاکنووس کردنی بووم،هەواڵم بۆ (خەرمانە ) نارد کە جێم بو بکاتەوە و ئەم نووسینە بڵاو کاتەوە ·سەرنووسەر، گوتبووی :ئەگەر یەك کەسی دەستەکە رازی بێ،منیش رازیم ·دوایی ،پاش یەك رۆژ گوتبووی : دەستەی نووسەران نایانەوی گۆڤارەکەمان ببێتە گوڤاری شەڕە جنێو · لە بەر ئەوە، بۆی بڵاو ناکەینەوە !! ·هیوادارم خوێنەر چاوی بەنووسین و بابەتەکەی ئەو سەرنووسەرەدا خشاندبێ ! ·

٢-برادەرێك ، گوتارەکەی حەمە سەعیدی بە رەق زانیبوو ·ئەویش گوتبووی : ئەوەی راستی بێ ویستم بە یەك لاپەڕە وەڵامی بدەمەوە بەڵام حەکیم بەختی نەبوو، جەژنی هێلکە رەنگکردن (پۆسك )ی بە سەردا هات و منیش دەستم بەتاڵ بوو بۆیە زۆرم نووسی ·

ئیستاش نەچووە بچێ : جنێوەکان وەلا نێ ! ·توانج و نوکتەکان دەراویژە و (١٣٨ )جار ناوەکەم بسڕەوە، نیو لاپەڕەشی نامێنێ · خوا هەقە راستی گوتووە و بەختم نییە و نەمبووە ! دوای هێلکە و رەنگ و جەژن و پۆسکیشم بڕییەوە !! ·

٣- زرك، کاڵەگی کاڵی پێ نەگەیشتووە ·رەنگە مەبەستی (زەرگ )ی دەروێشان بێ کە وەك شمشێر (اداة جارحە )یە ·

٤- ئەمەیان هونەری شیعری تێدا بە خەرج دراوە···جنێوە شیعرە ·

٥- دەڵێن یەکێ لە پێشبڕکێی نەخەوتندا بەشداری کردبوو ·کاتێ خەو زۆری بۆ

دەهێنێ و دەخەوێ، کاسی نەخەوتن دەدۆڕێنێ بەڵام لە خەوتندا بەکەم دەر دەچێ و کاس دەباتەوە ٠

٦- ٠١ (پاسۆك )ی بە جنێو داناوە ٠وەك ئەو دەروێشەی کردووە کە لە کوڕەکەی تووڕە دەبوو، پیسترین جنێوی، بەلای خۆیەوە، پێ دەدا :هەی شووعیییی ! ٠

٠٢ لە پێشکەوتووخواز (حەتمەن ) مەبەستی پێشکەوتنخوازە ٠

٧- مامۆستا نووسیویەتی : (حەکیم گیان تۆ گیڤارایشت شەرمەزار کرد،ئـــەرێ حەکیم حیکمەت لەوەدا چییە لە ستۆکهۆڵم ریشێکی وەکی ئەوەی گیڤارات بەر داوەتەوە ؟ ٠٠ ) ٠ ئەمە ململانێی فیکرییە، زۆر فیکرییە ! ٠

٨- گوایە ئەوەی لە گوتاری (لەودیو پەرژینی تەمەوە ) وەرگرتووە کە من لــــە ژمارە دەی (مامۆستای کرد )دا، دەربارەی هێندێ چیرۆك کە لە ژمارەکانــــی پێشووتری هەمان گوڤاردا بلاو کرابوونەوە،نووسیوە ٠

٩- برێخت گوتوویە : کاتێ کە کۆمۆنیستەکانیان گرت خەمم نەبوو چونکە مــن بەخۆم کۆمۆنیست نەبووم ٠کاتێ کە جووەکانیان گرت ،خەمم نەبوو چونکە من بە خۆم جوو نەبووم ٠ کاتێ کاتۆلیکیان گرت ، خەمم نەبوو چونکە بەخۆم کاتۆلیــك نەبووم ٠کاتێکیش دەرگای خۆمیان کوتا، کەس نەمابوو خەمی بێ ٠

١٠- لە ل ٥٨ دا دەڵێ: لە سوید بۆم دەبی بە پاسۆك تا لە پرسەدا تاوە بگێڕی، تاوەگێڕانیش بوو بە خەبات ؟!.

١١- حەمە سەعید، لە گوتاری (پەیامنێرتان لە هەڵەبجەوە ) کە لە (نووسەر )ی یەکدا نووسراوە نووسیویەتی : (گەرخەڵکی کۆست کەوتووی هەڵەبجە بـــــۆ گوێزانەوەی شت ومەکەکانیان نەگەڕابانەوە "خواپەرست " و "نەتەوەپەرست " کون لە جەرگدا نەبووەکان دەرگا و پەنجەرەشیان لە گرێژنەوە دەر دەهێنا ) ٠

من ناڵێم ئەوەی "خواپەرست " و "نەتەوەپەرست " بێ ئیدی دزی و ناپاکــی ناکا ، بەڵام دەپرسم تاوانی وا (تەعمیم ) دەکرێ ؟! ٠بێ دین و ئومەمی دەست نوێژیان لێ ناشکێ و نوێژ لە سەر دوێنیان دەکرێ؟! ٠ دزی و فزی لە خوانەناس و ئومەمی ناوەشێتەوە ؟! ٠من بە پێچەوانەوەی دەبینم بەڵام ویژدانم ڕێم نادات ، بە سەریاندا (تەعمیم ) بکەم نە بادا وەك(تاها جەزراوی ) لەملای عەگالبەسەرێ ڕا، بە کوشتن حوکم بدەم ! ٠

بڕیاری بێ دەلیل و گردەبڕی حەمەسەعید، زۆر و سەیر و سەمەرەن • لە پێشەکی (لە سایەی چەقۆدا) دەڵێ: ( هەڵگرانی پێشکەوتووخوازترین بیر و باوەری نەتەوەیی ئەگەر جی پێیان بتەو بێ لە فاشییەکانی ئیتالیا و لە نازییەکانی ئەڵمانیا و لە بەعسییەکانی عیراق چاکتر نابن ) رەنگە ئەمەش حەتمییە مێژووییەکە بێ و وەك ئەوانی دی بە موو کورت نەهێنێ •

لە جێیەکی تری ئەم گوتارەمدا، بە کورتی جیاوازی نەتەوەیی و فاشییەتم نووسیوە بەو هیوایەی کاك حەمە سەعید، تێلاّ وەلا نێ و لۆژیك هەڵبژێرێ •

١٢- وا لە نەتەوەیی دەگەم و ئاوهاش خۆم بە نەتەوەیی دەزانم •پێشم وایە میللەت، هەر میللەتێ، لە ژێر سایەی دڕندەترین و دزێوترین رژیمیخۆیدا بێ، لەوە چاکترە ژێردەستەی چاکترین ستەمی بێگانە بێ •لە حاڵەتی یەکەمدا، بە کاوە خۆ هەوڵی گۆڕینی سەری خراپی خۆی پێ دەدرێ بەلاّم لە حاڵەتی دووەمدا سەری چاکی خەڵکی سەردەستەی پێ ناگۆڕدرێ •

حیزبیش بە ئامێری دەستی جەماوەر دەزانم کە لەوپەڕی ساغی و چاکی و قودسییەتیدا، لە ئامێرێ پتر نییە •بەژن و بالاّی حیزب، بە راستگۆیی لە گەڵ بیری خۆی و جەماوەردا دەپێورێ با (مەنجەڵە یاپراخێك بەشی چوار ژەمیشیان بکات ) وەك حەمەسەعید دەیڵێ •کاتێکیش حیزب لە کار کەوت و بڕشتی نەما و کول بوو، ئەوا گۆڕستانی مێژوو پڕە لە (احزاب) و دەڵێ: (هَلْ مِن مَزِيد؟ ) • ئەگەر وا سەیری حیزب نەکرێ،دەبێتە خوایچکە و لە هەموو (٧٤)یێکدا سەری جاشێتی بۆ نەوی دەکرێ •

١٣- ماموستا دەڵێ: من مەقسەڵەم نییە بەلاّم قەمسەڵەیەکی پێشمەرگانەم هەیە،بەڵێن بدە دەچیتەوە بۆ کوردستان بۆتی دەنێرم •

کاتێ کۆمۆنیستەکانیان گرت، خەمم نەبوو
چونکە بەخۆم کۆمۆنیست نەبووم ٠ کـاتـێ
جووەکانیان گرت، خەمم نەبوو چونکە بـە
خۆم جوو نەبووم ٠کاتێ کاتۆلیکیان دەگرت،
خەمم نەبوو چونکە بەخۆم کاتۆلیك نەبووم.
کاتێکیش لە دەرگاکەی من درا، کـەسـێ
نـەمابوو خەمی بێ ٠

برێخت